# ڕۆڵی ئافرەتانی كوردی هەرێمی جەزیرە
# لە بواری زانستی و ڕۆشنگەری (7_9 ك /13_15ز)

**د.محسن مامل محمد**
زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی ئاداب، بەشی مێژوو
Muhsin.muhammad@su.edu.krd

**پوختە**

ئافرەت یاخود ژنانی كورد بە شێوەیەكی گشتی ڕۆڵی كاری گێراوە لە گۆمەڵگای ئیسلامی، هەر كاتێك هەلیان بۆ ڕەخسابێت تواناكانی خۆیان خستۆتەگەرو ڕۆڵی كارایان هەبووە لە گەشەسەندن و بەرەو پێشبردنی كۆمەڵگا، بەتایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارە بە پەروەردەو پێگەیاندنی نەوەكان و ئیش و كاری ناو ماڵ، لە پاڵ ئەوەش كارە داهێنانەكانیان لە بوارە جۆراوجۆرەكان.

وێڕای خەریك بوونیان بە كاروباری ناو ماڵ و پەروەردەو بەخێوكردنی منداڵ، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە ئافرەتانی كورد شان بەشانی پیاوان بەشداریەكی كارایان كردووە لە هەموو كایەكانی ژیان، بەتایبەت هاوشانی زاناو شەرعناس و پیتۆڵەكان، بەردەوام خولیاو سەلیقەی خۆیان چڕكردۆتەوە لە وەرگرتنی زانست و زانیاریەكانی سەردەم و ئارەزووی تەواویان هەبووە بۆ فێربوون و خوێندنەوەو نووسین لە ژێر سایەی زاناو بلیمەت و مامۆستا هەرە دیارەكانی ئەو كات. بەجۆرێك زێدەڕۆی تێدا نیە ئەگەر بگوترێت بەشێك لە ئافرەتانی كوردی شارە كوردنشینەكانی هەرێمی جەزیرە لە ئاستێكی بەرزی هزری و ڕۆشنگەریدا بوون و خودان شارەزاییەكی چاكبوون لە زانستە شەرعیەكانی وەك قورئان و فەرمووده لەگەڵ ئەدەب و هۆنراوە، **بەشێوەیەك لە نێو پەراوی سەرچاوەكان ناوی چەندان ئافرەتی كورد بەرچاو دەكەوێت كە وەك زاناو مامۆستا لە ئاستێكی بەرزی هزری و زانستیدا بوون و ژمارەیەكی زۆر لە زاناو بیرمەندان لەسەر دەستیان بڕوانامەی زانستیان وەرگرتووە.**

كلیكی وشەكان: (هەرێمی جەزیرە، ئافرەتی كورد، زانستی قورئان، زانستی فەرموودە، بڕوانامەی زانستی)

**الملخص**

لقد كان للمرأة بشكل عام دور فعال في المجتمع الإسلامي، فكلما أتيحت لها الفرصة استخدمت قدراتها و لعبت دوراً فعالاً في تنمية المجتمع، خاصة في الأمور متعلقة بتربية الأولاد و الأعمال المنزلية، إلى جانب ذلك لهم دور فعال في مختلف المجالات و القدرات الإبداعية.

على الرغم من إنشغال المرأة الكردية في إقليم الجزيرة بالأعمال المنزلية و تربية الأطفال؛ ولكن ذلك لم يمنعهم من أن يحذو حذو الرجال، خاصة العلماء و الفقهاء في توجههم نحو النشاطات العلمية والفكرية، لذلك ظهرت من بينهم العديد من العالمات و المفكرات حتى برزت العديد منهم و ذاع صيتهم في العلوم الشرعية مثل علوم القرآن و علم الحديث و الأدب والشعر، بل وصلت الحال بهم أن صارت بعضهم مدرسات و شيخات مشهورات في العلوم الشرعية، و بعضهم طالبات علم، حيث تخرج على أيديهم علماء و مفكرين و حصلوا على الإجازات العلمية.

مفتاح الكلمات:(أقليم الجزيرة، المرأة الكردية، علوم القرأن، علم الحديث، الإجازات العلمية).

**Abstract**

Women in general have played an effective role in Islamic society. Whenever they have the opportunity, they use their abilities and play an effective role in the development of society, especially

in matters related to raising children and household chores. In addition to that, they have an effective role in various fields and creative abilities.

Although Kurdish women are busy with household and raising children; but that did not prevent them from following the example of men in their orientation towards scientific and intellectual activates, so many female scholars and thinkers appeared among them, until of them become prominent and famous in the Islamic sciences, such as the sciences of the Qur'an, the sciences of Hadith, literature, and poetry. In the fact, the situation reached the point where they some of them become famous teachers and sheikhs in the Islamic sciences, and some of them were student of sciences, though whom scholars and thinkers graduated and obtained academic degree.

Key words: (Al-Jazeera region, Kurdish women, Qur'an sciences, Hadith science, scientific licenses).

**پێشەکی**

توێژینەوەو بەدواداچون بۆ ڕۆڵی ئافرەت و ژنانی کورد لە بواری زانستی و ڕۆشنگەری لە شارستانیەتی ئیسلامی یەکێکە لە بابەتە گرنگ و پڕ بایەخەکان، لەبەرئەوەی هەر کاتێك ئافرەت بواری پێدرابێت تواناکانی خۆی خستوتەگەڕو هاوتای پیاوان شانیان داوەتەبەر بەرپرسیاریەتی و ڕۆڵی کارایان گێراوە لە نەش و نماکردن و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا لە تەواوی قۆناغەکانی مێژووی ئیسلام.

ئەگەرچی بەشێکی زۆر لە توێژەرو ڤەکۆلەران لە ڕێگای دیڤچوون و کارە ئەکادیمیەکان زیاتر تیشکیان خستوتەسەر بەدیارخستنی ژیننامەو قارەمانیەتی پیاوان، کەمتر تیشك خراوەتەسەر نیوەکەی دیکەی مرۆڤایەتی کە ئەویش ئافرەتە، هەربۆیە لێرەدا ئامانج و مەرامی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نیشاندانی وێنایەکی گشتگیری ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانی کوردی هەرێمی جەزیرە لە بواری زانستی و ڕۆشنگەری (7_9ك/13_15ز)، لە ڕێگای بەدواداچوون و تیشك خستنەسەر سەرگوزشتەی ژیانیان بەوەی کەوا چەندە هەوڵ و کۆششەکانیان خستوتەگەر وەك فێرخوازێك بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانست و زانیاری نوێ، پاشان پراکتیزەکردنی ئەو زانست و زانیاریانەی وەدەستیانخستووە لە خزمەتکرن بە شارستانیەتی ئیسلامی، بەمەش یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی شایەنی ئەوەیە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

لەم بوژانەوە هزریەدا ئافرەتانی کوردی هەرێمی جەزیرە شان بەشانی پیاوان ڕۆڵی کارایان گێراوە لە خزمەتکردن بە زانستە ئیسلامیەکان، لەپێشەوەی هەموویان زانستی قورئان و فەرمووده لەگەڵ ئەدەب و هۆنراوە، بگرە لەوەش زیاتر ژمارەیەکی زۆر لە زاناو بیرمەندانی پایەبەرز لە سەر دەستیان بروانامەی زانستیان بەدەستهێناوە.

ئەم توێژینەوەیە پێك هاتووە لە پێشەکیەك و دوو تەوەرە لەگەڵ خستنەڕووی چەند دەرئەنجامێك، لە تەوەرەی یەکەمدا تیشك خراوەتەسەر هۆکارو فاکتەرەکانی گەشانەوەی لایەنی زانستی و ڕۆشنگەری و کۆچی زانایان لە هەرێمی جەزیرە، تیایدا باس لە سروشت و ژینگەو ئاوو هەوای ناوچەکە کراوە کەوا چەندە کاریگەری هەبووە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوانەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا جەختکراوەتەوە لە هاندانی ئایینی ئیسلام بۆ فێربوون و گەشت و گەڕان بەدوای سەرچاوەی زانیاری نوێ و وەرگرتنی بروانامەی زانستی و ڕێپێدان لە لایەن کەسانی پایە بەرز، هاوکات خستنەڕووی هۆکارەکانی پشت کۆچی زانایان لەم هەرێمە. هەرچی تەوەرەی دووەمە ئەوا تەرخانکراوە بۆ ژیننامەی کەسی ئافرەتانی کوردو ڕۆڵ و پێگەیان لە بواری زانستی و ڕۆشنگەریداو تیایدا باس لە ناوو نازناوو بنەچەو ڕەچەڵەك، لەگەڵ لەدایکبوون و پێگەشتنیان کراوە لەلایەن باشترین مامۆستاکانی سەردەم، دواجار ئەو بوارانەی دەستەبەریانکردووە لە زانستە شەرعی و ئایینیەکان کە لە ڕێگایاندا خزمەتێکی زۆریان کردووە بە کلتورو شارستانیەتی ئیسلامی.

تەوەرەی یەکەم/ هۆکارو پاڵنەرەکانی بوژانەوەی لایەنی زانستی و کۆچی زانایان لە هەرێمی جەزیرە

یەکەم / گرنگی پێگەی جواگرافی و مێژووی هەرێمی جەزیرە

بە شێوەیەکی گشتی کورد مێژوویەکی دێرینی لەم هەرێمەدا هەیە و پێکهاتەیەکی ڕەسەن و بنەڕەتی دانیشتوانی جەزیرە پێك دەهێنێت، بەتایبەتی ناوچەکانی باکورو باکوری ڕۆژهەڵاتی جەزیرە لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا زۆرینەی شارو باژێرەکانی وەك: ئامەد(دیار بکر)، اسعرد(سیرت)، میافارقین(سلێڤان)، حصن کیفا(حەسکیف)، سنجار(شنگال)، جەزیرەی ابن عمر (جەزیرەی کوردان/بۆتان)، نصیبین، ئەرزن، کوردنشین بوون. (بروانە: ابن شداد، 1978،ج3،ق7/1؛ الدوری، 1948،

ص19)، ئیتر هەر ئەوەشە وایكردووە كەوا یەكێك لە ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەكان ئەو ناوچەیە بە زێدو نیشتمانی دایكی كوردەكان ناوزەند بكات.(مینورسكی، 1968، ص14)

سەبارەت بە سنوری جوگرافی هەرێمی جەزیرە، ئەوا زیاتر ئەو ناوچانە دەگرێتەوە كەوا دەكەوێتە نێوان هەردوو روباری دیجلەو فورات، بەمەش ئەو دوو روبارە سنوری سروشتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەرێمەكە پێك دەهێنن، بەشێوەیەك ڕێرەوی ڕۆیشتنی روباری فورات بۆتە خاڵی جیاكەرەوەی لە وڵاتی شام، روباری دیجلەش بە پێی ڕێرەوی ڕۆیشتنی بۆتە سنوری لەگەڵ ئازربیجان و هەرێمی چیا (ابن جبیر، 2012، ص223؛ حمادی، 1977، ص39). سنوری باشوری درێژ دەبێتەوە تاوەكو شاری تكریت لە كەناری روباری دیجلەو شاری هیت لە كەناری فورات و ئەو هێڵە تراویلكەیەی نێوان تكریت و هیت دەبێتە سنوری نێوان جەزیرەو عێراق، هاوكات لە باكوریشەوە هاوسنوری ئەرمینیاو وڵاتی ڕۆم بوو.(یاقوت الحموي، 1995, 134/2؛ ابو الفداء, 1840, ص289)، ئەوە لە كاتێكدا شاری هەولێرو ئاوایەكانی دەوروبەری موصل هەرچەندە ناكەونە نێوان دیجلەو فوراتەوە كەچی لەسەر ئەو دەڤەرە هەژمار دەكرێت.(بروانە: توفیق،2020، ل41 _42)

هەرچی پەیوەستیشە بە ئاوو هەوای ناوچەكە، ئەوا لەلایەن جوگرافیناسانەوە پەسن و ستایشی زۆری كراوە بەوەی ژینگەیەكی لەبارو ئاوو هەوایەكی مامناوەندی هەبووە. (بروانە: المقدسي، 2003، ص ص124-125؛ یاقوت الحموي، 1995، 134/2)، ئەوەش وایكردووە ئەو ناوچەیە بەردەوام ببێتە هەوارگەو شوێنی حەسانەوەو كات بەسەربردنی بەشێك لە میرو سەركردەكان، سەرەرای ئەوەش ڕەنگدانەوەی چاكی هەبووە لەسەر نەش و نماكردنی دانیشتوانی و لایەنی هزری تاكەكانی.(ئەولیا چەلەبی، 1987، ل64)

لەبەر ڕۆشنای هەموو ئەمانەش شوێنگەی جوگرافی و ژینگەی لەبار بەردەوام كاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر نەش و نماكردنی لایەنی هزری و جەستەی بەشێوەیەك بەردەوام پەیوەندیەكی توندو تۆڵ هەیە لە نێوان ژینگەو مرۆڤ و زۆربەی كات ژینگەی لەبار یەكێكە لە فاكتەرو بنەما سەرەكیەكانی پێشكەوتن و هاتنە كایەی شارستانیەت.

بەگشتی ئەو هەرێمە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، بەردەوام جێگای چاوتێبرین و مەیدانی شەڕو ململانێی سیاسی نێوان ساسانیەكان و ڕۆمە بێزەنتیەكان بووە، بەتایبەتی ئەو كێشەو ململانێیانە لە سەدەی شەشەمی زاینی گەیشتە لوتكە بەوەی كەمەیان دەتوانێت هەژمون و باڵادەستی خۆیان بەسەر ناوچەكە بسەپێنن.(بروانە: كرستنسن، 1957، ص353،338؛ عزت، د.ت، ص102 ومابعدها)

دواتر پاش بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام و دەستپێكردنی پرۆسەی فتوحات، بە دیاریكراوی لە سەردەمی عومەری كوری خطاب(13_23ك/ 634_643ز)، لە چوارچێوەی درێژەدان بە جەنگە ڕزگاریەكان سەركردە عیاض كوری غنم(م: 20ك/640ز) دەستنیشانكرد بۆ فەتحكرنی ئەو ناوچانەی كە لەو كاتەدا لە ژێر سایەو دەسەڵاتی ڕۆمە بێزەنتیەكان بوو لە نێوان عێراق و شام، بۆ ئەو مەبەستە ناوبراو توانی لە نێوان ساڵانی(18ك/639ز تاوەكو 20ك/641ز) كە نزیكەی هەژدە مانگی خایاند زۆرینەی ناوچەكانی هەرێمی جەزیرە فەتح بكات بە ئاشتی و بەبێ شەڕ.(بروانە: الواقدي، 1997، 89/2_90؛ البلاذري، 2000، ص107،110). دوا بەدوای ئەوەش ئەو هەرێمە لە ژێر سایەی دەسەڵات و هەژمونی ئەو دەوڵەت و میرنشین و هێزو لایەنانە بووە كە لە مێژووی ئیسلامدا حوكمی ناوچەكەیان كردووە تاوەكو هاتنی شاڵاوی هێرش و پەلامارەكانی مەغۆل بۆ ناوچەكە لە ناوەراستی سەدەی حەوتەمی كۆچی/ سیانزەهەمی زاینی.

جێگای باسە، هەر یەكێك لەو دەسەڵاتداریەتیانەی خۆجێیەتی و دەرەكیانەی فەرمانرەوایەتی ناوچەكەیان كردووە، بەتایبەتی مەروانیەكان (373_487ك/983_1095ز)، ئەرتەقیەكان(494_811ك/1101_1409ز)، ئەتابەكیەكان(521_631ك/1127_1233ز). (بروانە: لین بول، 2006، ص 141، 185،207)، دواتر ئەیوبیەكان پاش بەدیاركەوتنیان لەسەر شانۆی ڕامیاری لە مصر بەسەركرایەتی سولتان سەلاحەدین لە سالی(569ك/1174ز) توانی بەشێكی زۆر لە ناوچەكانی هەرێمی جەزیرە بخاتە ژێر ڕكێفی خۆی، بەتایبەتی دوای دەست بەسەر داگرتنی شاری میافارقین لە ساڵی (580ك/1185ز)بوو بە سەرداری بێهاوتا لە بەشی هەرە زۆری باكوری جەزیرەی فوراتی.(بروانە: التكریتي، 1981، ص173،163)، بەمەش هەریەكە لەو دەسەڵاتداریەتیانە بە پێی پەرەسەندنەكانی سەردەم خەریكی پتەوكردنی پایەكانی دەسەڵات بوون، لە هەمان كاتدا بەشێكی زۆر لە میرو سەركردەكانیان درێغیان نەكردووە لە گرنگی و بایەخدان بە لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری و كار ئاسانی بۆ زاناو بیرمەندو هۆشیارەكان، ئەوەش لە ڕێگای بنیادنانی چەندین دامەزراوەی فێركاری وەك مزگەوت و خوێندنگەو رەبط و خانەقاو بەشداریان لە كۆرو كۆبونەوەو وانە زانستیەكان، هەموو هەنگاوانەش وایكردووە كاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەبێت بەسەر دەسەلاتداران بەوەی خۆشەویست و ڕێزلێگراوبن لە نێو تەواوی خەڵك.(بروانە: محمد، 2012، ص 44 ومابعدها)

دوابەدوای هەموو ئەوانەش، گەورەترین دوژمنی ئەو سەردەمە بەرۆك و یەخەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی گرت ئەویش بریتی بوو لە هێرش و پەلامارو دەستریژی و کاولکاریەکانی مەغۆل، بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سیانزەهی زاینی، لەم نێوەندەشدا ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی جەزیرە بەدەر نەبوون لەو هێرش و کاولکاریەو زۆربەی شارو باژێرو ئاوایەکانی کوشتن و تاڵانکاری و برۆیەکی زۆری تێدا کرا (ابن شداد، 1978، ج3، ق2/ 503_504)، دواجار بەگشتی ئەو هەرێمە کەوتە قۆناغێکی دژوارو تاریك و لێل لە ژێر سایەی دەسەڵاتی مەغۆلەکان.

**دووەم/ هۆکارە خودی و کەسییەکان:**

1_ ئایینی پیرۆزی ئیسلام

ئایینی پیرۆزی ئیسلام کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ژیانی هزری لە کۆمەڵگای ئیسلامی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوندیدارە بە گرنگی و بایەخی زانست و داواکاری و فێربوون، ئەوا لە قورئانی پیرۆزو فەرمایشتەکانی پێغەمبەر(د.خ) لە چەندین شوێن ئاماژەی بۆ کراوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموویت:[ وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْماً](سورة طه، الایة/114)، لەبەر رۆشنای ئەم ئایەتە بۆمان بەدیار دەکەویت ئەگەر شتێك لە بەدەستهێنانی زانست گەورەترو گرنگتر هەبوایە ئەوا پێغەمبەر (د.خ) لە خوای گەورە داوای دەکرد.

هاوکات بەدەستهێنانی زانست و زانیاری گرنگی و بایەخی زۆری هەبووەو لە نێو موسڵمانان، بەجۆرێك فێرخوازان لە رێگای ئەو زانست و زانیاریانەی بە دەستیان دەهێنا هەموو کات پلەو پایەیان بەرز بووە لە نێو کۆمەڵگا هەروەك خوای گەورە دەفەرمویت:[ يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجاتٍ وَاللَّهُ بِما تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ].(سورة المجادلة، الایە/11)

ئەوە لە کاتێکدا لە چەندین فەرمایشتی پێغەمبەر (د.خ) هاتووە گرنتەبەری رێگای فێربوون و زانست، هۆکارە بۆ ئەوەی رێگای دوارۆژو چوونە بەهەشتت بۆ رۆشن بکات هەروەك دەفرموویت:(مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ طَرِيقًا إِلَى الجَنَّةِ)، یان (مَنْ خَرَجَ فِي طَلَبِ العِلْمِ فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ حَتَّى يَرْجِعَ). (الترمذي، 2000، 674/2)

لەبارەی هاندانی فێربوون بۆ ئافرەت لە ئیسلامدا تێبینی ئەوە دەکرێت هیچ جیاوازیەك لە نێوان پیاوو ئافرەت بەدیناکرێن، بەڵکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە هەر شوێنێك داواکاری و فەرمانی بەسەر پیاودا کردبێت رەگەزی بەرامبەریش لەگەڵیدا هاوشانبووە هەروەك دەفەرموویت:[ إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِماتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِناتِ وَالْقانِتِينَ وَالْقانِتاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِراتِ وَالْخاشِعِينَ وَالْخاشِعاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِماتِ وَالْحافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحافِظاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً وَالذَّاكِراتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً](سورة الاحزاب، الایة/35)، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی و بایەخدان بە زانست پێوەستە لەسەر تاك بەتاکەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی رەگەزی هەروەك پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمویت:(طَلَبُ الْعِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ و مسلمة). (ابن ماجة، 2009، 81/1)

بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە، دەکرێت باس لەوەبکرێت بابەتی پەروەردەو فێربوون بابەتێکی ئێجگار گرنگ و پڕ بایەخ بووە لە نێو ماڵبات و خێزانە موسڵمانەکان زۆر بە گرنگیەوە لێیان ڕووانیوە، تەنانەت زۆر پەرۆش بوونە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە منداڵەکانیان پەروەردەو رۆشنبیر بکەن بە زانست و زانیاریەکانی سەردەم، لە پێشەوەی هەمووشیان زانستە ئیسلامیەکان، لەبەرئەوەی هۆکارێکی سەرەکیە بۆ تێگەشتن لە بنەما سەرەکیەکانی ئایینی ئیسلام، لەبەرامبەر ئەوەشدا هەموو هەوڵێکیان خستوتەگەر بۆ ئەوەی ئافرەتان و کچان دوور بخەنەوە لەو زانست و زانیاریانەی سوودبەخش نین، لەم نێوەندەشدا باس لەوەدەکرێت پێویست ناکات کچان و ژنان فێری هەندێك لەو زانستانەی وەکو هۆنراوەو قسەو وتانە بکرێن ئەوانەی خێرو قازانجی تێدانیە. (ابن بسام، 1968، ص163)

لێرەدا ئەو ئاستە بەرزەی کەبەشێك لە ژنانی کورد پێگەیشتووە لە بواری هزری و ڕۆشنبیری هەر لەخۆرا نەهاتوتە ئارا، بەڵکو وابەستەی چەند هۆکارو پاڵنەریکە، لە دیارترینیان پەرۆشیان بۆ ئایینی ئیسلام و هاندانی فێربوون و ئەو ژینگە لەبارەی لە نێو خێزان هەیانبووە، بەجۆرێك نێو ماڵ و کەسە نزیکەکانی دەوروبەر بۆیان بووە بە فێرگە، هەربۆیە لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت زۆربەی ئەو ئافرەتانی رۆڵی کارایان هەبووە لە مێژووی ئیسلام لە بواری زانستی و رۆشنگەری، لە نێو ماڵباتە دیارو خوێندەوارو رۆشبیرەکان بەدیارکەوتوون، وەك باوك و براو کەسە نزیکەکانیان خودان کەسایەتی دیاربوون و لە ئاستێکی بەرزی رۆشنبیری دابوون.

لەم نێوەندەشدا زانای پایەداری بواری فەرمووده (ست النعم کچی یوسف کوری محمدی نصیبی)(م: دوای 700ك/ 1300ز)، لەبەر پەرۆشی باوکی بۆ پەروەردەیەکی دروستی ئایینی خودی خۆی وانەی تایبەتی داوە بە کچەکەی لە بواری فەرموودە. (ابن حجر العسقلاني، 1972، 263/2)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەرچی (زینب کچی سلێمان کوری ابراهیم کوری هبە الله اسعردی)(م:705ك/1305ز)، ئەوا لە ژێر سایەو سێبەری باوکی پێگەیشتووە کە یەکێك بووە لە زانا هەرە دیارەکانی سەردەمی خۆی لە بواری زانستی فەرمووده لە وڵاتی شام و مصر. (بروانە: ابن رجب، 2005، 483/3_485)

هەروەها (ام محمد کچی عماد الدین محمد ماردینی)(م:736ك/1335ز)، زیاد لە پێویست گرنگی پێدراوە لە لایەن باوکی، ئەوەش وەك بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ئایینی لە پەروەردەکرنی کچەی لە تەمەنی منداڵیدا زۆر جار لەگەڵ خۆیدا بردویەتیە کۆرو وانەی مامۆستاو زاناکان بۆ ئەوەی لێیانەوە فێری شێوازەکانی قورئان خوێندن بێت.(ابن الجزري، 1998، 911/3)

**2_ گەشت و گەران لە پێناو بەدەستهێنانی زانست و زانیاری نوێ**

دیاردەی گەشتکردن و گەڕان بۆ وەدەستخستنی زانست و زانیاری نوێ، پاش فراوانبوونی سنوری جیهانی ئیسلامی زیاتر تەشەنەی سەند، تەنانەت ڕێگا خۆشکەربوو بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی تەواوی ناوچەکان و سنورو بەربەستەکانی نەهێشت لە نێوان وڵاتان، بگرە لەوەش زیاتر جیهانی وەك یەك شار لێکرد بۆ فێرخوازان وەکو دەلیڤەو ڕێگایەك دەیانگرتەبەر بۆ خۆ پڕ زانستکردن و گۆڕینەوەی بیرورا لە نێوان زاناو فێرخوازاندا، لەم سۆنگەیەوەش ئاماژە بەوەدەکرێت هەرگیز پرۆسەی فێربوون تەواو نابێت مەگەر گەشت و گەڕانی زانستی و دووره وڵاتی لەگەڵدا نەبێت. (ابن جماعة، 1934، ص7)

جێگای باسە، ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بە گرنگی و بایەخەوە لە بابەتی هاندانی بۆ گەشتی زانستی ڕووانیوە، تەنانەت ئەو بابەتە بۆتە جێگای بایەخی زانیانیش، هەربۆیە لێرەدا تێبینی ئەوەدەکرێت زانای پایە بەرز ئیبن خلدون(م:808ك/1405ز)لە کتێبەکەیدا تەوەرێکی تایبەتکردووە بە کاریگەری گەشت و گەڕانی زانستی لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری بە ناوی (الرحلة في طلب العلوم و لقاء مشايخة).(ابن خلدون، 1988، 744/1)

لەبەر رۆشنایی ئەمانەی خراونتەڕوو دەکرێت باس لەوەبکرێت ئەو گەشت و گەڕانە زانستیانە بۆ چەند مەرام و مەبەستێك ئەنجامدراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1_ بەو پێیەی لە ئیسلامدا لە زۆر ئایەتی قورئان و فەرمایشتی پێغەمبەردا(د.خ) جەخت لە هاندانی فێربوون و گەشت و گەڕان بەدوای زانست و زانیاریدا کراوە، هەربۆیە ئەو کارەیان وەکو بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ئایینی سەیر کردووە.

2_ ئەو زانست و زانیاریەی لە مامۆستاو زاناو بیرمەندان راستەوخۆ وەریدەگرێت زۆر باشترە لەوەی لە نێو پەراوی سەرچاوە و کتێبەکان وەدەستی دەخەیت.

3_ هەندێك جاریش بۆ ئەوە بووە بۆ ئەوەی وانیشان بدرێت زۆرترین مامۆستاو زانای دیوە، وەلێ ئەوە ناگەیێنێت ئامانج لەم گەشتانە تەنها کۆکردنەوەی ناوی مامۆستاو زانایان بێت، بەڵکو وەرگرتنی زانست لێیان گرنگتر بووە.(فیاض، 1967، ص107)

جێگای ئاماژە پێدانە، بابەتی گەشت و گەڕانی زانستی ئافرەتان لە قۆناغ و پرۆسەی فێربوون تێبینی ئەوە دەکرێت کەمتر لە پیاوان بواری ئەوەیان بۆ ڕەخساوە بەتەنیا گەشت و سەفەر بکەن، ئەوەش زیاتر لەوەدا سەرچاوەی گرتووە کە کۆت و پێوەندە کۆمەلایەتیەکان ڕێگربووە لەوەی بە تەنیا گەشت بکات هەرچەندە ئامانجەکەشی گرنگ و پیرۆز بووە، سەرای ئەوەش سەفەرو دورکەوتنەوە ئەرك و ماندەبوون و کارێکی سەخت بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان کۆڵیان نەداوەو بەگرو تینێکی زۆرەوە لەگەڵ خاو خێزانیان بە دوای زانست و زانیاری نوێ گەڕاون، لەم نێوەندەشدا بواری فەرمووده یەکێك لەو بابەتانەی زۆرترین گەشت و گەڕانی لە پێناودا ئەنجامدراوە، ئەوەتا زانای پایەبەرز (عائیشە کچی صارم کوری ئیبراهیم کوری خلیلی سنجاری)(م: 842ك/1438ز)، خۆی لە شاری دیمشق نیشتەجێ بووە، بەڵام لە پێناوی وەدەستخستنی زانست و زانیاری زیاتر لە بواری فەرمووده سەردانی هەردوو شاری قاهیرەو بعلبگی کردووە.(السخاوي،د.ت، 73/12)

**3_ بروانامەو ڕێگە پێدانی زانستی**

بروانامەو ڕێگەپێدانی زانستی یەکێك بووە لە فاکتەرە دیارو باوەکانی گەشەسەندنی لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری لە تەواوی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە گەشت و گەڕانی زانستی کە تیایدا فێرخوازان تەواوی هەولەکانیان خستۆتەگەر بۆ گەڕان بەدوای کەسانی زاناو شارزاو لێهاتوو، بۆ ئەوەی لەسەر دەستیان بروانامەی زانستی و ڕێگە پێدان وەربگرن، بێگومان ئەوەشیان وەکو سەردەمی ئێستا وایە دوای تەواوکردنی خوێندن بروانامەی پێ دەبەخشرێت لەو بوارو پسپۆڕیەتەی ئەزمونی تێدا وەدەست خستووە.

بەگشتی بروانامەی زانستی گوزارشتە لە ڕێگەپێدانی مامۆستا بە قوتابیەکەی بە گێرانەوەی تەواوی ئەو شتانەی لێی بیستووە لەگەڵ بەرهەمە نوسراوەکانی، واتە کاتێك مامۆستا دڵنیا بووە لەوەی کە قوتابیەکەی گەیشتۆتە ئاستێك کە دەتوانی لە شوێنی ئەو دابنیشی و ئامۆژگاری و هەڵهێنجان بکات لە دەق و پەیڤە شەرعیەکان بروانامەی زانستی پێداوە، بەمەش ئەو بروانامەیە لە لایەن مامۆستاکەوە بۆ فێرخوازەکەی بریتی بووە لە ڕێگە پێدان بە گێرانەوەی تەواوی ئەو بابەتانەی کە لێیەوە فێربووە.(بروانە: محمد، 2012، ص 70_71)

شێوازی بەخشینی بڕوانامەش لە لایەن مامۆستاو زاناکانەوە زیاتر بە دوو شێواز بووە، یەکێکان بەشێوەی تایبەتی و زارەکی بووە، ئەوەی دیکەشیان بەشێوازی نوسراو بووە، بەشێوەیك کاتێك مامۆستاکە بۆی بەدیاردەکەوێت قوتابیەکە سوودمەند بووە لە زانست وبەهرەکانی ئەوا وەك بڕوانامەیەك بەشێوازی نوسراو لە لاپەڕەی یەکەم و کۆتایی کتێبەکە بۆی دەنوسی کە لە لای ئەو خوێندویەتی و ڕێگەپێدانی وانە گوتنەوەی لەو کتێبە پێدەدات. (بڕوانە: فیاض، 1967، ص30،21)

هەڵبەتە مەسەلەی مۆڵەت پێدانی زانستی خۆی لە خۆیدا بابەتێکی گرنگ بووە، لەبەر ئەوەی دەبێتە پاڵپشتی و دڵنیایەك بۆ فێرخوازەکە لە کاتی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی زانست و زانیاریەکانی، لە هەمان کاتدا ئەو قوتابیەی لە ژێر دەستی دەیخوێند دڵنیا دەبوو لە ئاستە زانستیەکەی، هاوکات بۆی بەدیاردەکەوت کە لە ژێر دەستی مامۆستاو زانایەکی پایەبەرزو متمانەپێکراو خوێندویەتی. (غنيمة، 1953، ص23)

لەم چوارچێوەیشدا بەشێك لە ئافرەت و ژنانی کورد لە ئەنجامی گەران بەدوای زانست و زانیاری نوێ و مامۆستای بە ئەزموون و متمانەپێکراو لەسەر دەستی چەندین زانای پایەبەرز و ناودار بڕوانامەی زانستی و مافی گێرانەوەی فەرموودەیان پێدراوە.(لە تەوەرەی دووەم بە درێژی باسی لێوە دەکرێت)

وەنەبێ ئافرەتە کوردە بە سەلیقەو زانست دۆستەکان تەنیا بڕوانامەی زانستیان وەرگرتبێت، بەڵکو وەك مامۆستاو شارەزاو کەسانی لێهاتوو گەیشتونەتە ئاستێکی بەرزی زانستی و خودی خۆشیان بڕونامەی زانستی و ڕێگەپێدانیان داوە بە ژمارەیەك لە زاناو کەسایەتیە دیارەکان، لەم نێوەندەدا (سیدە کچی موسی کوری عوسمان کوری عیسی کوری دەرباسی مارانی)(م:695ك/1296ز) یەکێکە لە زانا دیارەکانی بواری فەرمووده لە مصر، ژمارەیەکی زۆر لە زاناو فێرخوازو ڕۆشنبیر چوونەتە خزمەتی، لە نێویشیاندا بڕوانامەی زانستی گێرانەوەی فەرموودەی بەخشیوە بە زاناو پیتۆڵی دیار شمس الدين الذهبي.(الذهبي، 1988، 294/1)

ئەوە لە کاتێکدا گەریدەی دیار (ابن بطوطة) لە ساڵی(726ك/1325ز)، لە میانەی سەردانیکردنی مزگەوتی ئومەوی لە دیمشق گەیشتووە بە خزمەت و دیداری ژمارەیەك زانای پایەبەرزو وانەی فەرموودەی لە لایان خوێندووە، پاشان ئاماژە بەوە دەکات لەسەر دەستی بەشێکیان بڕوانامەی زانستی گشتی وەرگرتووە لە نێویشیاندا زانای دیاری بواری فەرموودە (عائیشەی کچی محمد کوری مسلمی حەرانی)(م:736ك/1335ز).(ابن بطوطة، 2006، ص70)

هەرچی(امة الله کچی علی کوری احمدی هەکاریە)(م: دوای 860ك/1456ز)، چەندان زانای دیار بڕوانامەیان لەسەر دەستی وەرگرتووە، لەوانە زانای پایەبەرز السخاوي جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا لە شاری بعلبگ بەدیدارو دیدەنی گەیشتووەو بڕوانامەی زانستی لەسەر دەستی ناوبراو بەدەستهێناوە.(السخاوي، د. ت، 10/12)

**سێیەم/ هۆکارە بابەتیەکانی کۆچی زانیان و ڕۆشنبیران:**

**1_ هاوسنوری هەرێمی جەزیرە لەگەڵ وڵاتی شام**

هاوسنوری و نزیکی ناوچە کوردنشینەکان لە وڵاتی شام بە یەکێك لە هۆکارو فاکتەرە دیارەکان دادەنرێت بۆ کۆچی بە لێشاوی ژمارەیەکی زۆر لە هۆزو تیرەی کورد بە خاوو خێزانیانەوە بۆ ناوچە جیاجیاکانی شام، پاشان ئەو شوێنەش وەك پردێك بووە لەوێوە خەڵك کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی مصر، لەم نێوەندەش تێبینی ئەوە دەکرێت تێك هەڵکێشی و لیوان لیوکی زۆر بەدیدەکرێت لە نێوان هەرێمی جەزیرەو وڵاتی شام تەنیا هەندێك لە دیاردە سروشتیەکان لە یەکتری جیای دەکاتەوە، لم سۆنگەیەشەوە ابن جبيری گەریدە جەخت لەوەدەکاتەوە کە ڕوباری فورت سنور بووە لە نێوان وڵاتی شام و هەردوو دەڤەری(دیار بکرو دیار ربیعة). (ابن جبیر، 2012، ص223)

بە تێپەر بوونی کات و دوای هاتنە کایەی ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەی لە ناوچەکە هاتە ئارا، بە تایبەتی لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یانزەمی زاینی، لە ئەنجامی شاڵاوی خاچ دروشمەکان بۆ جیهانی ئیسلامی و دروست بوونی ئەو هێزو قەوارەو دەوڵەتانەی لە ناوچەکە سەریان هەڵدا، بەتایبەتی لە دوای دروست بوونی دەوڵەتی ئەیوبی لە ساڵی (569ك/1173ز) ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە کوردان کۆچیان کرد بۆ وڵاتەکانی مصرو شام.(بۆ پتر زانیاری بڕوانە: حسن، 2009، ص 33 وما بعدها)

سەرای ئەوەش بەرقەرار بوونی ئاسایش و بوژانەوە و خۆشگوزەرانی لە وڵاتەکانی شام و مصر فاکتەرێکی دیکە بووە بۆ کۆچی ژمارەیەکی زۆر لە زاناو بیرمەندان بۆ ئەو ناوچەیە، بە تایبەتی لە ئەنجامی ئەو بوژانەوە ئابوریەی هاتبووە ئارا لە سەردەمی مەمالیکەکان، بەوپەڕی دەستکراوەی پارەیەکی ئێجگار زۆر خەرج دەکرا لە بەرو پێشبردنی لایەنی زانستی و دابینکردنی ژیانێکی شایستەو خۆشگوزەران بۆ زاناو فێرخوازان.(قادر، 2014، ص25)

2_ هێرش و پەلاماری مەغۆل بۆ ناوچە کوردنشینەکان

سەبارەت هێرش و شالاو پەلامارەکانی مەغۆل، زۆربەی هەرە زۆری مێژوونوسان کۆکن لەسەر ئەوەی هەر شارو دەڤەرو ناوچەیەك کەوتبێتە بەر شاڵاوی بێبەزەییانەی مەغۆلەکان، بێشومار زیانی گیانی و ماڵی و فەرهەنگی لێدەکەوت، ئەو

كەسانەی بەردەكەوتن دووچاری كوژران و ئازاردان و بەندكردن دەهاتن، لەبەرامبەریشدا ئەگەر فریا بكەوتایەو دەرفەتی هەڵاتنی بۆ بڕەخسایە هەڵدەهات و ئاوارەو پەراگەندەی وڵاتان دەبوو، لەم ڕووەشەوە زۆربەی زۆری ناوچە كوردنشینەكان تووشی ئەو ڕەوشە ناڵەبارە بوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی مەغۆلەكان خەریكی ڕاوەدونانی (جلال الدين منكبرتي)(م: 629ك/1231ز) دواین سوڵتانی خەوارزمیەكان بوون. لە ئەكامی ئەم لەشكركێشیە بەشێكی زۆر لە شارو باژێرو دێهات و ناوچە ئاوەدانیەكانی(ئامەد، ئەرزن، میافارقین، اسعرد، ماردین، نصيبين، شنگال، ئەرگیش)، بە تایبەتی دانیشتوانی دووچاری كوشتن و تالانكاری و دەردەسەری زۆر بوون و ستەمی و بێدای زۆریان لە بەرامبەردا كرا.(ابن الاثير، 1997، 448/10_449)

ئەوە لە كاتێكدا زاناو كەسە هۆشیارەكان لەم هەرێمەدا پتر لە جارێك ئاوارەو سەرگەردان بوون و زۆرێك لە بەرهەمە ناوازەو دانسقەكانیان لەناو چوون، بەجۆرێك ئاماژە بەوە دەكرێت كاتێك مەغۆلەكان لە ساڵی (660ك/1262ز) دەستیانگرت بەسەر شاری موصل و هەندێك لە شارەكانی دیكەی هەرێمی جەزیرە ڕەشەكوژی و تاڵانكاری زۆریان تێدا كردو ژمارەیەكی زۆر لە بەرهەمەكانی زانیانیان خستە نێو ڕوباری دیجلە هەروەكو چۆن لە پێشتردا پاش كەوتنی بەغدا هەمان ڕەفتاریان ئەنجام دابوو.(ابن العبري، 1992، ص284؛ ابن الخطيب، 1968، 126/1). بەرەنجامی ئەمەش بەشێكی زۆر لە دەستنووس و سەرچاوە زانستیەكان سوتاون و یان لەناوچوون، وەلێ ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامانە هەندێك لە توێژەران وای بۆ دەچن فرێدانی بەشێكی زۆر لە بەرهەمەكان بۆ ناو ڕوباری دیجلە مایەی هەڵوستە لەسەر كردنەوەو زێدەڕۆی زۆری تێداكراوە، بەڵكو پێیان وایە ژمارەیەكی ئێجگار زۆر لە بەرهەمەكان گواستراونەتەوە بۆ ڕوانگەیەی نصيرالدين طوسي[1] كە لە شاری مراغە بنیاد نرابوو. (بروانە: ال یاسین، 1979، ص100 وما بعدها)، لەم نێوەندەشدا مێژوونوسان جەخت لەوەدەكەنەوە كە ڕێژەی ئەو بەرهەم و كتێبانەی كە لە عێراق و شام و هەرێمی جەزیرە گواستراونەتەوە بە زیاتر لە چوار سەد هەزار كتێب مەزندە دەكرێت.(الكتبي، 1974، 247/3؛ الصفدي، 2000، 147/1؛ ابن كثير، 2003، 387/17)

سەرباری كوژرانی سەدان زاناو كەسانی شارەزا لە بوارە جۆراوجۆرەكان، ئەوا ئاوارەبوون و كۆچی دەیانی دیكە لە ترسی گیان و كوشتاری ئەوان بەرەو تارەوگەی لێكەوتوتەوە، لەم نێوەندەدا بەشێك لە بیرمەندەكانی هەرێمی جەزیرە بە خاو خێزانەكانیانەوە لە ترسی كوشتاری مەغۆلەكان ئاوارەی ناوچە ئارامەكانی وڵاتی شام و مصر بوون. (قداوي، 2015، ص188)

وێرای ئەمەش، بەشێك لە زانا و ڕۆشنبیرەكان لە ئەنجامی وێرانكاری و كاولكاری قەڵاو شورەو شارو دێهاتەكان ڕووبەرووی چارەنوسێكی نادیارو مەرگ بوون، بەمەش ئەوانەی هەوڵی هەڵهاتنیان بۆ بڕەخسایە ئاوارەو سەرگەردان دەبوون بۆ ناوچە ئارامەكان، لەم نێوەندەشدا یەكێك لە گەڕیدەكان ئاماژە بەوەدەكات مەغۆلەكان تەنها لە ناوچەكانی جەزیرە حەفتاو شەش قەڵایان وێرانكردووە. (ئەولیا چەلەبی، 1987، ل69)

لە لایەكی دیكە، لە ترسی هێرش و پەلامارەكانی مەغۆل هەندێك لە زانایانی سنجار (شنگال) ئاوارەی شام و مصر بوون.(الكتبي، 1980، 268/20)، سەرباری ئەوەش بەشێك لە خەڵكی ئەو شارە دوای ماوەیەك لە هاتنی مەغۆلەكان بۆ ناوچەكەیان نەیان توانی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەوان هەڵبكەن، هەربۆیە بەشێكیان لە دانیشتوانی ئەو شارە لە ساڵی(675ك/1276ز) بە ناچاری ڕێگای ئاوارەبوون و كۆچیان هەڵبژارد بەرەو وڵاتی شام، تەنانەت ئاماژە بەوەدەكرێت ئەو كەسانەی لە شارەو ئاوایەكانی هەرێمی جەزیرە ڕوویان لە ناوچەكانی شامكرد ژمارەیان بە حەفتا هەزار كەس دەخەملێنرێت.(ابن العبري، 1986، ص321، 332). هەرچەندە ئەو ژمارەیە زێدەڕۆی تێدایە، بەڵام لە هەمان كاتدا گوزارشتە لەوەی ڕێژەیەكی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەكە لە ترسی گیانی خۆیان و خاوخێزانیان ڕێگای ئاوارەی و كولەمەرگی و دەربەدەربوونیان گرتۆتەبەر.

لەلایەكی دیكەش، بەشێكی لە هۆزو تیرەو خێلەكانی ناوچە جیاجیاكانی هەرێمی جەزیرە لە ئەنجامی زوڵم و ستەم و داپڵۆسینی مەغۆلەكان ناچار بە كۆچكردن كران، لەوانە هۆزی بوختی(بۆتانی) كە هۆزێكی هەرە دێرینی جەزیرەی كوردانە كە لە دەیان خێڵ و تیرەو بەرەباب پێك دەهات، لە پاڵ ئەوەش هۆزەكانی هەكاری و داسنیەكان لە ئەنجامی شاڵاوی مەغۆل زیانی كوشندەیان بەركەوت لە ڕووی گیانی و ماڵی، هەربۆیە بەناچاری كۆچیانكرد بۆ وڵاتەكانی شام و مصر.(بروانە: تۆفیق، 2020، ل 414، 412_416)

جێگای ئاماژە پێدانە، بەر لە شاڵاوی مەغۆلیش بەشێك لە ناوچە كوردنشینەكانی هەرێمی جەزیرە، تووشی پەلامارو زەبرو زەنگی خەوارزمیەكان بووە، لە ئەنجامی ئەوە ژمارەیەكی زۆر لە هۆزو تیرەو خێلەكانی لە نێویشیدا زاناو بیرمەندەكان ئاوارەو دەربەدەری بەغداو شام و مصر بوون.(بروانە: رسول: 2013، ل 132)

دواجار لێرەدا دەكرێت باس لەوە بكرێت ئەو هێرش و كاولكاریانە ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوو لەسەر لایەنی ماددی و مرۆیی، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت بگوترێت ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبوو لە سەر زاناو بیرمەندان لە بواری هزری و

ڕۆشــنگەری، لەبەرئەوەی ئەو کوردانەی لەســەر ئاســتی هۆزو بنەماڵەو زاناو بیرمەندو کەســایەتیە دیارەکان کە بەناچاری کۆچیانکرد بۆ ناوچەکانی شــام و مصــرو لە قۆناغەکانی دواتردا ڕۆڵی کارایان گێڕا لە کایە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و خزمەتێکی گەورەیان بە شارستانیەن و ژیاری ئیسلامکرد، بەتایبەتی لە ڕووی زانستی و ڕۆشبیری. (بروانە: حسن، 2009، ص80 ومابعدها)

**تەوەرەی دووەم/ رۆڵ و پێگەی ئافرەتانی کورد لە بوارە زانستی و هزری و ڕۆشنبیری**

کورد وەکو زۆرێك لە پێکهاتەو نەتەوەکانی دیکە دوای ئاشنابوونیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، خزمەتێکی زۆریان لە کایەو بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە شارستانیەتی ئیسلامی کردووە لە پێشەوەی هەمووشیان زانستە شەرعیەکان کە مەبەست لێیان زیاتر ئەو زانستانەن کە بەرهەم و زادەو هزری کۆمەڵگای ئیسلامین ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە قورئان و فەرموودەو هاوڕای زاناو شــەرعزانان، لەبەرامبەر ئەوەشــدا کەمتر پرژاونەتە ســەر ئەو بابەتانەی پەیوەســتن بە بوارەکانی فەلســەفەو لۆژیك و ئەندازەو فەلەکناســی، ئەوەش زیاتر لەوەدا ســەرچاوەی گرتووە کە قورئان و فەرموودە وابەســتەی ئایین و خۆشــەویســتیەکی زۆرو بێســنوریان هەبووە بۆیان، لەم نێوەندەشــدا بەشــێك لە ژن و ئافرەتانی کوردی هەرێمی جەزیرە شــان بەشــانی پیاوان وەك بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ئایینی دیڤچون و هەوڵی زۆریانداوە بۆ ئەو جۆرە لە زانستانەو دوای وەدەستخستن و پەیداکردنی ئەزمون و شارەزای و قاوبونەوە لە نێویاندا توانیویانە خزمەتێکی زۆر بە کلتورە شارستانیەتی ئیسلامی بگەێنن بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم/ زانستەکانی قورئان (علوم القرآن)**

گرنگترین و پڕ بایەخترین زانســتە لە لای موســڵمانەکان و هەموو ئەو زانســتانە لە خۆ دەگرێت کە وابەســتەو پەیوندیدارو لەخزمەتی قۆرئانی پیرۆزدان، هەموو ئەوانەش زیاتر لەوەدا ســــەرچاوەی گرتووە کە وتەو فەرمایشـــتی خوای گەرەیەو بە ســەرچاوەو بنەمایەکی ســەرەکی دادەنرێت بۆ تێگەیشــتن لە ئایینی پیرۆزی ئیســلام و هەڵهێنجانی حوکمە شــەرعیەکان.(عاشــور، 1986، ص26) ئەو زانســــتەش هەموو ئەو بابەتانە لە خۆ دەگرێت کە پێوەســــتن بە هۆکارەکانی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان و شێوازەکانی خوێندنەوەو شرۆڤەو ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز.

یەکێك لەو ئافرەتە کوردانەی شــارەزاییەکی چاکی هەبووە لە زانســتەکانی قورئان، ئەویش (أم محمد کچی عماد الدين محمد کوری عبدالكريم کوری عوسمان ماردنییە[2])، بنەچەی دەگەرێتەوە بۆ شاری ماردین، بەڵام لە دیمشق نیشتەجێ بوون.(القرشي، د.ت، 277/2)

سەبارەت بەمێژووی لەدایکبوونی، (ابن الجزري) دیرۆکنووس جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا خودی خۆی پرسیاری لێکردووە، ئەویش لە وڵامدا پێی ڕاگەیاندووە کە باوکی دوای شەری عین جالوت[3]، دایکی خواستووە.(ابن الجزري، 1998، 911/3) بەو پێیەش بێت دەکرێت بگوترێت لە ســاڵی(659ك/1261ز) لە دایکبووە. پاشــان هەر لە تەمەنی منداڵیەوە باوکی گرنگی و بایەخی زۆری پێداوەو بەردەوام لەگەڵ خۆیدا بردویەتیە لای زانایانی دیاری وەك (ابن ابي اليسر، اسماعيل بن الروحي) لەگەڵ چەندان زانای دیکەش بۆ ئەوەی لەوانەوە گوێبیست و فێری خوێندنەوەی قورئان بێت، دواتر گەیشتۆتە ئاستێك توانیویەتی زۆر بە جوانی بنوســێت و بخوێنێتەوە، بەمەش مەیل و خۆشــەویســتی قورئانی پیرۆز لە دڵ و دەرونیدا زیاتر چەســپا، هەربۆیە ڕۆژانە وەکو وێردی سەرزاری بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی قورئان بووەو تەنانەت چەندان کتێبی تایبەتمەندی شەرعناسانی سەر بە رێبای حنفیەی تایبەت بە زانستی قورئان خوێندۆتەوەو شارەزایی چاکی لەبارەیانەوە وەدەستخستووە، دواجار لە ساڵی (736ك/1335ز) لە شاری دیمشق کۆچی دوایکردووە. (ابن الجزري، 1998، 911/3)

یەکێکی دیکە لەو ئافرەتانەی کە لە سەردەمی خۆیدا ناوبانگی زۆری هەبووە، ئەویش (سلمی کچی شمس الدين محمد کوری محمد کوری محمد جەزری) نازناوی (ام الخير) بووەو لە بنەچەدا خەلکی جەزیری ابن عمر(بۆتان)، بەڵام لە شــاری دیمشــق نیشــتەجێ بووە. لەبارەی مێژووی لەدایکبوون و پێگەیشــتنی زانیاریەکی ئەوتوو لەبەردەســتدا نیە، وەڵی لەگەل ئەوشــدا دەکرێت باس لەوە بکرێت ڕەنگدانەوەی خانەوادەکەی بە ڕوونی بەســــەریەوە دیارە، بەتایبەتی باوکی (شــمس الدين محمد کوری محمد کوری علي کوری یوسف الجزري)(م:833ك/1429ز)، یەکێك بوو لە زانا هەرە بەناوبانگەگانی دیمشق لە بواری زانستی قورئان خوێندنەوە (علم القراءات)، کە زانستێکی تایبەتمەند بووە بە چۆنیەتی خوێندنەوەی پەیڤەکانی قورئان و گوتنەوەو دەربرینی بە شــێوازێکی دروســت تەنانەت ئەگەر یەکێك درکی بە خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان نەکردبایە ئەوا بە قورئان خوێن هەژمار نەدەکرا.(الســيوطي، 1974، 215/4). ئەوە لە کاتێکدا ســلمی کچی گەواهی ئەوەدەدات فێری خوێندنەوەی قورئان بووە لە لای باوکی و دووجار تەواوی خەتمی قورئانی بە دە شێوازی خوێندنەوەی جیاواز لە لای ئەو خوێندووەو تەنانەت لە زۆربەی گەشــت و گەرانە زانســتیەکان یاوەری باوکی کردووەو لەبەر ئەو ئاســتە بەرزەی کە پێگەیشــتوە زۆربەی کات باوکی وەکو جێگرەوی خۆی لە کچەکەی ڕوانیوە.(بروانە: الحافظ، 1995، ص7_43)

ناوبراو لە ســـــاڵی(813ك/1410ز) قورئـانـی پیرۆز و کتێبی (مقدمـة التجويد)ی بە تەواوی لەبەرکردووە، هـاوکـات لە ساڵی(832ك/1428ز)قورئانی پیرۆزی بە هەردە شێوازە ناسراوەکەی بە شێوەیەکی ڕاست و جوان و ڕوون بە لەبەرکردن بۆ باوکی خوێندوە، تەنانەت لەو بوارەدا گەیشـــتە ئاســـتێك کە لە ســــەردەمی خۆیدا تاکەکەس و بێ رکابەرو هاوتایی نەبووە.(ابن الجزري، 2009، 310/1)

سەبارەت بە ساڵی مردنی زانیاریەکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نیە، تەنیا ئەوە نەبێت کە تا ساڵی(832ك/1428ز)لە ژیاندا بووەو دیارنیە کەوا چەند ساڵی دیکە دوای ئەو ئەو بەرواره بەردەوام بووە لە ژیان .

بێجگە لەوەش، ئاماژە بەوە دەکرێت کەوا سـلمی دوو خوشـکی دیکەی هەبووە بە ناوەکانی (عائیشــەو فاطمە)، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بە ژینامەیان بکرێت، تەنیا ئەوە نەبێت ئەوانیش لەســـەر هەمان ڕێچکەی خوشـــکەکەیان شـــارەزایەکی چاکیان هەبووە لە زانسـتی شـێوازە جیاوازەکانی خوێندنەوەی قورئان و بەشـێوەیەکی ڕاسـت و جوان و ڕوون دەیان خوێندنەوە.(طاش كبری زادة، 1985، 51/2)

**دووەم/ زانستی فەرمووده (علم الحديث)**

مەبەســـت لە فەرموودە تەواوی وتەو کردارو گوفتارو کردەوەکـانی پێغەمبەر(د.خ) دەگرێتەوە، تەنانەت ئەوەی بینیویەتی نکۆڵی لێنەکردووەو ڕەزامەندی بۆ نیشـــانداوەو ڕەتی نەکردۆتەوە، هاوکات وەکو زانســت گرنگی و بایەخ دەدات بە جۆرەکانی فەرموودەو ژیانی فەرموودوناســـان لەگەڵ ســــەرچاوەی گێرانەوەیان. (بروانە: الســخاوي، 2003، 22/1)، لەپاڵ ئەوەش ئەو زانســتە بایەخی زۆری پێدراوە لە نێو موســڵمانەکان، لەبەرئەوەی دووەم ســەرچاوەیە بۆ بنەماکانی شــەریعەت و تێگەیشــتن لە ئیسلام لە دوای قورئانی پیرۆز.

زانسـتی فەرموودە یەکێکە لە گەورەترین ئەو بابەتانەی کەوا بەشـێك لە ئافرەتانی کورد بە تامەزرۆیەوە گرنگی و بایەخیان پێداوە، لەبەرئەوەی وتەو فەرمایشــتی پێغەمبەر(د.خ) هەمیشـــە دڵ و دەروون ئارام دەکات ئەوەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەســـەر هەڵس و کەوت و ڕەفتارەکانی بەرامبەر خوای گەورەو بەندەکانی، هەربۆیە لێرەدا هەندێکیان تەواوی هەوڵەکانیان خســـتۆتەگەر لە ڕێگای فێربوون و گەشت و گەرانی بەردەوام دواجار خزمەتێکی زۆریان بەو بوارە کردووەو تەنانەت هەندێکیان لە سەردەمی خۆیاندا ناوبانگی زۆریان دەرکردوە وەك مامۆســـتاو ڕێنیشـــاندەر هەم وەکو ســـەرچاوە بۆ گێرانەوەی فەرموودە، لەم نێوەندەدا (فاطمە کچی ابو منصـــور یونس کوری محمد کوری محمد فارقی)، بنەچەو ڕیشـــەی دەگەرێتەوە بۆ شـــاری هەرە زۆرینە کوردنشینی میافارقین[4] (سلێڤان).

لەبارەی سەرگوزشتەی ژیانی زانیاریەکی ئەوتۆ نیە، تەنیا ئەوە نەبێت کەوا بروانامەی گێرانەوەی وەرگرتوە لە زانای دیار (يحيى الثقفي)، لە هەمـان کـاتـدا (الـدمیـاطي) و چەنـدان زانـای دیکەش فەرموودەیـان لێیەوە گێراوەتەوە، دواجـار لە ســـاڵی (657ك/1259ز) کۆچی دوای کردووە.(الذهبي، 1993، 321/48)

یەکێکی دیکە لە ئافرەتە بەناوبانگەکانی بواری فەرموودە لە دیمشـــق، ئەویش(ســت الدار[5] کچی عبدالســلام کوری تیمیەی حەڕانی) ناسـراو بە (أم احمد)(ابن مفلح، 1990، 433/1)، بنەچەی دەگەرێتەوە بۆ شـاری حەڕان[6]، بەڵام لە شـاری دیمشـق نیشـــتەجێ بووەو لەبارەی مێژووی لەدایکبوون و پێگەیشـــتنی زانیاریەکی ئەوتۆ لەبەردەســـتدا نیە، تەنیا ئەوە نەبێت کەوا فەرموودەی وەرگرتووە لە زانیانی پایە بەرزی وەك (ابن روزيە، عبداللطيف بن يوســف)، لەبەرامبەریشـــدا هەریەکە لە (ابو العبـاس، ابن مســـلم، ابو محمد و براکـانی) فەرموودەیـان لێیەوە گێراوەتەوە.(الذهبي، 1993، 263/51)، دواجـار لە ســـاڵی (686ك/1286ز) لە شـــاری دیمشـــق ژیـان ئـاوای کردووەو لە گۆرســـتـانی پیـاوچـاکـانی نزیك چیـای قـاســـیون بەخـاك سپێردرا.(الصويركي، 2006، ص308)

بە هەمان شێوە (زینب کچی مکی کوری علی کوری کامل حەڕانی) ناسراو بە (أم احمد)، ئەویش لە بنەچەدا خەڵکی حەڕانە و لە ساڵی 594(ك/1197ز)لە دایکبووە.(البرزالي، 2006، 179/2)، ئافرەتێکی ئیماندارو خواناس بووە لە تەمەنی منداڵیدا چۆتە خزمەتی گەورە زانایانی وەکو (ابن طبرزد، حنبل، شمس العطار، ست الكتبة)، بە مەبەستی گوێگرتن لە فەرموودە، کە ئەمەش یەکێکە لە ڕێگاکانی فێربوونی فەرموودە کاتێك ئامادە دەبوون لە کۆرو وانەی زانایان، دواتر بروانامەی ڕێگە پێدانی گێرانەوەی فەرموودەی پێدراوە لە لایەن هەر یەکە لە(ابن سكينة، سعد بن سعيد، عفيفة الفارقانية). (اليافعي، 1997، 156/4)

شایەنی باسە، هەندێك جار کۆرو دیبەیت و وانە زانستیەکان ڕۆڵی کاری هەبوو لە بوژانەوەو بەرو پێشبردنی لایەنی هزری و زانستی، کاتێك کۆمەڵێك لە زاناو بیرمەندو فێرخوازان لە شوێنێکی دیاریکراوی وەك مزگەوت یان خانەقا و فێرگەکان تەنانەت لە نێو ماڵەکانیشـــیان کۆدەبوونەوەو تیایدا دیبەیت و گفتوگۆ ڕاگۆرینەوە لە نێوانیاندا دەهاتە ئارا، بە تایبەت ئەو بابەتانەی پەیوندیدار بووە بە بابەتە شەرعیەکان، لەم نێوەندەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت ناوبراو لەبەر ئەو ئاستە بەرزی کە لە بواری زانستی فەرموودە پێگەیشتووە ماڵەکەی لە خوار چیای قاسیون لە شاری دیمشق وەك فێرگەیەك وابووە زۆربەی کات قەرەباڵغ و جمەی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هاتووە لە زاناو فێرخوازان و بەردەوام ئامادەییان هەبووە لە کۆرو وانە زانســـتیەکانی و تەنانەن قوتابیان کێبرکێیان کردووە لەســەر ئەوەی وانەی زانســتی لە لایدا بخوێنن و بروانامە لەســەر دەســتی ئەو بەدەســت بهێنن. (الذهبي، 1993، 328/51؛ ابن العماد الحنبلي، 1986، 706/7)

جێگای ئاماژە پێدانە، شـــێوازی گوێگرتنی پیاوان و فێرخوازان لە زانایانی ئافرەت لەو کاتەدا شـــتێکی نامۆ نەبووە، بەڵکو ڕیشــــەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی پێشــــینان، بە نمونە عائیشــــەی دایکی ئیمانداران کاتێك فەرموودەی بۆ هاوەڵان گێراوەتەوە، ڕاســـتەوخۆ بەرامبەریان دانەیشـــتوە، بەڵکو لە دواوەی پەردە فەرموودەی گێراوەتەوە ئەوانیش گوێیان بۆ گرتووە. (بروانە: معتوق، 1997، ص92)، ئەم شـێوازەش بۆتە کلتورو نەریتێکی باوو بەردەوام ئافرەتان بە پۆشـتەی و پەنهانینی لەشـەو لاریان بەوپەری شـــکۆوە بەشـــێوەیەکی تەنهـا لە دواوەی پەردەوە دوور لە پیـاوان بەشــــداریـان کردووە لە کۆرو کۆبوونەوە زانستیەکان.(عبدالرزاق، 1999، ص34)

لە لایەکی دیکە پەســـن و ســـتایشــــی زۆر کراوە بەوەی باوەڕپێکراوترین فەرموودە گێرەوەی ســــەردەمی خۆی بووە لە جیهاندا(الصـــفدي، 2000، 42/15)، لە هەمان کاتدا چەندان زانای پایە بەرزی وەك(الدمياطي، زين الدين الفارقي، ابن الزراد) لەگەڵ چەندانی دیکە فەرموودەیان لە ناوبراو گێراوتەوەو دواجار لە ســـاڵی(688ك/1289ز)کۆچی دوای کردووە.(ابن العماد الحنبلي، 1986، 706/7)

یەکێکی دیکە لەو ئافرەتانەی ناوبانگی زۆری هەبووە لە مصـر، ئەوەیش (سـیدە کچی عوسـمان کوری دەرباسـی مارانی[7] کوردی) ناسراو بە (أم محمد).(الذهبي، 1993، 256/52)

ســـەبارەت بە ســـاڵی لە دایکبوونی زانیاریەکی ئەوتۆ لەبەردەســـتدا نیە، تەنیا ئەوەنەبێت کە لە ســـاڵی(609ك/ 1212ز) بروانامەی ڕێگە پێدانی پێدراوە لە لایەن کۆمەڵێك زانای دیاری شاری موصل وەك (سليمان الموصلي، ابو الحسن علي بن هبل، عبدالعزيز بن منينا) و چەندانی دیکە، بە تەنیا فەرموودەی لێیان گێراوەتەوە.(البرزالي، 2006، 449/2)

لە لایەکی دیکە، (شمس الذهبي)(م:748ك/1347ز)، لەبەر ئەو ئاستە بەرزەی کە لە بواری فەرموودەدا پێگەیشتوە هەمیشە بە پێشەنگ و نمونەی باڵای خۆی زانیوە، هەر بۆیە خودی خۆی ئاماژە بەوەدەکات((زۆر پەرۆش بووم بۆ دیدارو گەیشتن پێی، لە پێناوەدا گەشت و سەردانی مصرم کرد، کە گەیشتم دە ڕۆژ بەسەر ژیان ئاوایی تێپەڕی بوو))(الذهبي، 1993، 256/52). لە ساڵی 695ك/ 1238ز کۆچی دوایکردووە.(الهسنياني، 2012، ص203)

هەندێك لەو ئافرەتە کوردانە، لە یەك کاتدا فەرموودەیان گوتەو هەم گێراوەیەتیانەوەش لە مامۆستاکانیان، ئەوەتا(فاطمە کچی حسـێن کوری عبداللە کوری عبدالرحمن ئامەدی) ناسـراو بە (أم محمد)، بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ شـاری ئامەد(ديار بكر)، جامع الصـــحيح بخاري گێراوەتەوە لە (ابن الزبيدی) و فەرموودەی گێراوەتەوە لە (الفخر الاربلي)، لە هەمان کاتدا زانای پایە بەرز (شمس الدين الذهبي) ئاماژە بەوە دەکات لە ناوبراو گوێبیستی فەرموودە بووە.(الذهبي، 1993، 359/52؛ الصـويركي، 2006، ص532)، پـاشـــــان بەردەوام بووە لە خزمەتکردن بە بواری فەرموودە تـاوەکو لە ســـــاڵی (698ك/1298ز) کۆچی دوایکردووە.(البرزالي، 2006، 567/2)

بێجگە لەوەش بەشێك لەو ئافرەتانە ڕەنگدانەوەی خێزانەکەیان لە ڕووی زانستی و ڕۆشبیری بە ڕوونی بەسەریانەوە دیارە، لەوانە (زينب کچی سلێمان کوری ابراهيم کوری هبة الله کچی رحمه الاسعردی[8])ناسراو بە (أم عبدالله و ام الفضل) لە ديمشق و لەبەرامبەر ئەوەدا لە قاهیرە ناسراو بوو بە (أم محمد).(البرزالي، 2006، 313/3)

ناوبراو لە نێو خانەوادەیەکی زانست دۆست و بلیمەت پێگەیشتوە، بەتایبەت لە ژێر سـایەو سێبەری باوکی سلێمان کوری ابراهيم کوری هبة الله کوری رحمەی الاسـعردی(م:639ك/1241ز) ناسـراو بە (ابن ربيع)، لە سـەردەمی خویدا یەکێك بووە لە زانا هەرە دیارەکانی زانستی فەرموودە لە وڵاتی مصرو شام.(بروانە: ابن رجب، 2005، 485/3،483).

لەبارەی مێژووی لە دایکبوونی، ســــەرچاوەکان بە ڕوونی ئاماژە ناکەن لە ســـــاڵی چەند هاتۆتە دونیاوە، بەڵام دوای وردبوونەوەو تێرامان لەبەر ڕۆشــنای یەکێك لە دەقەکان کە ئاماژە بەوەدەکات لە ســاڵی (622ك/1225ز)چۆتە خزمەتی زانای پایەبەرز (شمس الدين بن عبدالواحد) بۆ گوێگرتن لە فەرموودە کە ئەوکاتە تەمەنی سێ ساڵ بووە. (البرزالي، 2006، 314/3)، بەرەنجامی ئەمەش کاتێك ئەو بەروارە بە ساڵی مردنی بەراورد دەکرێت کە زیاتر لە هەشـتا سـاڵ ژیاوە، دەکرێت بگوترێت بە نزیکەی لە ساڵی(619ك/1222ز) خۆری ژیانی بەدیار کەوتووە.

ئافرەتێکی دیندارو زانست دۆستبووەو گوێبیستی فەرموودە بووە لە زانایانی پایە بەرزی وەك (ابن الزبيدي، علي بن حجاج، ابن اللتي، شـمس الدين بن عبدالواحد) و لەســـەر دەســـتیان بروانامەی ڕێگەپێدانی گێرانەوەی فەرموودەیان پێداوە.(الصـــفدي، 2000، 42/15)، تەنانەت پەســـن و ســـتایشــــی زۆر کراوە بەوەی کەوا تاکەکەس و بێ ڕکابەر بووە لە گێرانەوەی (صـــحيح البخاري) کە لە(ابن الزبيدي) گوێبیست بووە.(الذهبي، 1993، 400/46؛ اليافعي،1997، 181/4)

دوای ئەوەی ماوەیەکی دوورو درێژ لە خزمەتی زانستی فەرمووودەدا بووە، دواجار لە ساڵی (705ك/1305ز) لە شاری قاهیرە کۆچی یەکجارەکی کردووە.(ابن العماد الحنبلي، 1986، 23/8؛ المدرس، 1983، ص215)

بەهەمان شێوە (اسماء کچی عبدالرحمن کوری عبدالواحد کوری اسماعیل کوری سلامة حەڕانی) ناسراو بە (أم الخیر)، لەدەوروبەری ساڵی (650ك/1252ز) لە دایکبووە.(البرزالي، 2006، 14/4)، گوێبیستی فەرمووده بووه لە زانای دیار (ابراهیم بن خلیل الخرقي)، هاوکات (محمد الواني) فەرموودەی لێیەوە گوێبیست بووە.(کحاله، 1959، 57/1)، لە ساڵی(711ك/1311ز) لە شاری دیمشق کۆچی دوایکردووەو لە قەدباڵی چیای قاسیون بەخاك سپێردرا.(البرزالي، 2006، 14/4)

یەکێکی دیکە لە زانایانی ئافرەتی بواری فەرمووده، ئەوەیش (ست النعم کچی ئەحمەد کوری حمدان حەڕانیە)، کە لە بنەچەدا خەڵکی حەڕانەو لە ساڵی (638ك/1240ز) هاتۆتە دونیاوە، پاشان گوێبیستی فەرمووده بووە لە (ابو الغانم المسلم بن ابی البرکات).(ابن حجر العسقلاني، 1972، 262/2)، لە بەرامبەریشدا (ابو محمد الحلبي) و چەندان زانای پایە بەرزی دیکە لە ناوبراو گوێبیستی فەرمووده بوون، لە ساڵی(721ك/1320ز)مردووە. (الصویرکي، 2006، ص309)

جێگای ئاماژە پێدانە، هەندێك لەو ئافرەتانە لە ئەنجامی گەشت و گەرانەکانیان لە چەندین شوێن ناوبانگی زۆریان دەرکردووە، لەوانە(نخوە کچی محمد کوری عبدالقاهری نصیبی) ناسراو بە (أم احمد)، بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری نصیبین[9]، لە ساڵی (634ك/1236ز) لە دایکبووەو گوێبیستی (صحیح البخاري) بووە لە زانای پایەدار (یوسف بن حنبل)، هەربۆیە (شمس الدین الذهبي) ستایشی دەکات بەوەی کەوا بێجگە لە نخوە هیچ ئافرەتێکی دیکە فەرموودەی لەم زانایە نەگێراوەتەوە.(الذهبي، 1988، 355/2)

لەماوەی ژیانیدا گەشت و گەڕانی زۆری کردووە بە مەبەستی خزمەتکردن بە زانستی فەرمووده، بەجۆرێك ماوەیەك لە شاری حلب بووەو دواتر ڕویکردۆتە شاری حماە لەوێدا بۆتە جێگای سەرنج و بایەخی فێرخوازان، هەربۆیە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان خوازیاری فێربوون و وەرگرتنی بروانامەی زانستی بوون لە لای ئەو(البرزالي، 362/4)، پاشان دوای مانەوەی لەو شارە بۆ ماوەیەك دواجار لە ساڵی (719ك/ 1319ز) کۆچی دوایکردووە. (ابن حجر العسقلاني، 1972، 155/6)

هەروەها (ست العبید کچی محمد کوری ئەبو بکر کوری ئەیوب دنیسری) ناسراو بە (أم محمد)، یەکێکی دیکەیە لەو ئافرەتە کوردانەی لە خزمەتی زانستی فەرمووده بووەو بنەچەو ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری کوردنشینی دنیسر[10] (قوج حصار). (الصویرکي، 2006، ص309)

ئافرەتێکی چاك و باوەڕدار بووە هەر لە تەمەنی منداڵیدا چۆتە خزمەتی زانیانی وەك (ابن رزمان و الخشوعي)، هاوکات بڕونامەی ڕێگە پێدانی زانستی وەرگرتوە لەلایەن (محمد بن عبدالهادی).(ابن حجر العسقلاني، 1972، 259/2) لە ساڵی (734ك/1334ز) مردووە.(ابن الجزري، 1998، 701/3)

یەکێکی دیکە لەو ئافرەتە کوردانەی کەوا ڕەنگدانەوەی خانەوادەکەی، بە تایبەت باوك و براکانی بەسەریەوە دیارە ئەویش(حفصە کچی عبید کوری محمد کوری عباس اسعردیيە)(سیرت)(م: سەدەی 8ك/14ز)، ناسراو بە (أم عمرو)، بنەچەو ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری اسعرد، لەبارەی ساڵی لە دایکبوون و پێگەیشتنی زانیاریەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە، بەڵام بە وردبوونەوەو تێرامان لە سەرگوزشتەی ژیانی ماڵباتەکەی دەکرێت باس لەوەبکرێت کەوا لەگەڵ خانەوادەکەی ڕوویانکردۆتە مصرو لەوێدا نێوبانگی زۆریان پەیدا کردوە لە زانستی فەرمووده، بەتایبەتی باوکی(عبید کوری محمد کوری عباس)(م:692ك/1292ز)، یەکێك بووە لە زاناو بلیمەتە هەرە دیارەکان لە مصرو شام، لە هەمان کاتدا گرنگی و بایەخی زۆریداوە بە هەریەکە لە منداڵەکانی (احمد کوری عبید)(م:745ك/1345ز) و حفصەی کچی خودی خۆی وانەی پێگوتوون، دواتر هەر بەوەندە نەوەستاوەو بەردەوام هەردووکیانی لەگەڵ خۆیدا بردۆتە کۆڕو وانەی هەریەکە لە زانایانی وەك (ابن علاق، النجیب عبد الهادی، عبد الکریم القیسي) بۆ گوێگرتن لە فەرمووده.(ابن ناصر الدمشقي، 1993، 224/1؛ ابن حجر العسقلاني، 1972، 232/1). دواتر ناوبراو لەسەر هەمان ڕێچکەو ڕێبازی باوك و براکەی ڕۆیشتووە لە خزمەتکردن بە زانستی فەرمووده لە وڵاتی مصر.

هەکارییەکان[11] وەکو هۆزو ماڵباتێکی گەورو دیاری کوردی لە زۆر بواردا بەشداریەکی کارایان کردوە لە نەش ونماکردنی کلتورو شارستانیەتی ئیسلامی لە سەرووی هەموشیانەوە زانستی فەرمووده، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت چەندان ژن و ئافرەتی نێو ئەو بنەماڵەیە بەو پەڕی دڵسۆزیەوە لە خزمەتی زانستی فەرمووده بوون، لەوانە (ام محمد کچی یوسفی هەکاری) کە زانایەکی دیاری بوارە فەرمووده بووە لە مصر. لەبارەی سەرگوزشتەی ژیانی لە نێو پەراوی ژیینامەو چینەکان زانیاریەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە، تەنیا ئەوە نەبێت کەوا لە ساڵی (714ك/1314ز)لە ژیاندا بووە بەشێك لە فەرموودەکانی کتێبی (الموافقات) لە زانایانی دیاری وەك (محمد بن عمر بن وکیل، النجیب عبد اللطیف) گوێبیست بووە.(کحاله، 1959، 31/5)

یەكێكی دیكە لە ئافرەتە كوردەكانی هاوسەردەمانی ئەو، (دنیا كچی یوسف كوری سلێمان هەكاری) ناسراو بە (أم محمد)، ئەویش گوێبیستی فەرمووده بووه لە زاناو مامۆستاكانی مصر. (ابن حجر العسقلاني، 1972، 229/2)

جێگای باسە، هەرچەندە لەسەرچاوەكاندا ئاماژە نەكراوە بوەی كەوا خوشكی یەكتربن، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوسەردەمی یەكترون و وێكچوونی زۆر لەنێوان ناوەكانیان بەدیدەكرێت، هەربۆیە پێدەچێت خوشكی یەكتر بن. ناوبراو لە ساڵی (726ك/1325ز) كۆچی دوایكردووەو لە نزیك گۆری شێخ ابو السعود بەخاك سپێردراوه.(ابن الجزري، 1998، 152/2)

یەكێكی دیكە لەو زانا ئافرەتانەی لە پاڵ ئەو ئاستە بەرزەی لە بواری زانستی فەرموودەدا هەیبووە نێوبانگی زۆری پەیداكردووە لە دیمشق، لە هەمان كاتدا بۆ وەدەستخستنی پێداویستیەكانی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی كاری بەرگدوری كردووە ئەویش (عائشە كچی محمد كوری مسلم حەرانیە) نارسراو بە (أم عبدالله)، بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری حەڕان و لە ساڵی (648ك/1250ز) لە دایكبووە.(ابن حجر العسقلاني، 1972، 5/3)

ئافرەتێكی خواناس و هەژار بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم هەنگاوە فێرخوازیەكانی، بە جۆرێك گوێبیستی فەرموودە بووە لە هەریەكە لە زانایانی پایە بەرزی وەك (رشيد العراقي، محمد بن عبدالهادي، اليلداني، ابن خليل) لەگەڵ چەندان زانای دیكەو لێشیانی گێراوەتەوە، تەنانەت گەیشتۆتە ئاستێكی بەرزی زانستی و قوتابی و فێرخوازی زۆری هەبووەو بروانامەی ڕێگە پێدانی زانستی داوە بە ژمارەیەكی لەو كەسایەتیانەی بە خزمەتی گەیشتوون، لەم نێوەندەدا گەریدەی دیار (ابن بطوطة) لەساڵی(726ك/1325ز) لە میانەی گێرانەوەیەكدا ئاماژە بەوە دەكات لە كاتی سەردانیكردنی مزگەوتی ئومەوی لە دیمشق گەیشتووە بە دیدارو خزمەتی و لەسەر دەستی بروانامەی زانستی گشتی وەرگرتووە.(ابن بطوطة، 2006، ص70). بێجگە لەوەش (صلاح الدين الصفدي) جەخت لەوە دەكاتەوە كەوا لە ساڵی(729ك/1328ز)لە شاری دیمشق بە خزمەت و دیدەنی گەیشتوەو بروانامەی زانستی لە سەر دەستی ئەو بەدەستهێناوە.(الصفدي، 2000، 347/16)

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەكی زۆر لە خزمەت فێرخوازان و هەوادارانی بواری فەرموودە بووە، دواجار لە ساڵی (736ك/1336ز) لە تەمەنی نەوەت ساڵی لە شاری دیمەشق كۆچی دوایكردووە.(الصويركي، 2006، ص379)

یەكێكی دیكە لە زانایانی بواری فەرموودە كە لە دیمشق ناوبانگی زۆری هەبووە، ئەویش (عائیشە كچی محمد كوری یحیی كوری بەدر كوری یعش جزریە)، بنەچەو ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری جەزیرەی كوردان(بۆتان)، گوێبیستی فەرموودە بووە لە زانا دیارەكانی سەردەمی خۆی و بەردەوام بووە لە خزمەتكردنی زانستی فەرموودە تاوەكو لە ساڵی(743ك/1342ز) كۆچی دوایكردووە.(ابن رافع، 1981، 423/1؛ الصويركي، 2006، ص379)

بێجگە لەوەش، (فاطمە كچی احمد كوری محمد الجزری)، ئەوەشیان بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری جەزیرەی بۆتان. لەبارەی سەرگوزشتەی ژیانی و پێگەیشتنی زانیاریەكی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نیە، تەنیا ئەوە نەبێت كە ئافرەتێكی دیندارو خواناس بووەو بەردەوام خەریكی وێردی ڕۆژانەو خوێندنەوەی قورئان بووە، لە هەمان كاتدا زانایەكی بواری زانستی فەرموودە بووە لە دیمشق و فەرموودەكانی(صحيح البخاري) گێراوەتەوەو خۆشی لە بنەچەدا ئەو فەرموودانەی لە زانای پایەبەرز (ست الوزراء بنت المنجا التنوخية) گوێبیست بووە.(ابن رافح، 1981، 296/2). دواجار لە ساڵی(766ك/1364ز) لە شاری دیمشق كۆچی دوایكردووە.(ابن حجر العسقلاني، 1972، 260/4)

لە لایەكی دیكە، (فاتیمە خاتون كچی ابراهیم كوری داود كوری نصری هەكاری)، یەكێكی دیكەیە لەو ئافرەتانەی كە بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی هەكارییەكان و نێوبانگی زۆر بووە لە مصر، لە ساڵی (683ك/1284ز)لە دایكبووە.(زكی بك، 2006، 481/2)

ئافرەتێكی دیندارو خواناس و فەرموودە گێراوەیەكی باوەرپێكرابووە، دیارە ئەمەش لەخۆرا نەهاتبووە ئارا، بەڵكو لەسەر دەستی زانا هەرە دیارو بەناوبانگەكانی سەردەمی خۆی لە مصر پێگەیشتووە تاوەكو گەیشتۆتە ئاستێكی بەرزی زانستی بەجۆرێك زانایانی دیاری وەكو (عبدالرحمن بن حسن الكردي) ناسراو بە (ابن العراقي) (م:806ك/1403ز) لەگەڵ(ابن حجر احمد بن على العسقلاني)(م:852ك/ 1448ز) فەرموودەیان لێیەوە بیستووەو گێراویەتیانەوە (ابن حجر العسقلاني، 1972، 258/4). دوای ئەوەی ماوەیەكی زۆر بەردەوام بووە لەسەر ڕێچكە زانستیەكەی تاوەكو لە ساڵی (758ك/ 1356ز) كۆچی دوایكردووە.(المدرس، 1983، ص431؛ الصويركي، 2006، ص533)

هەرچی خانەوادەی (عز الدين موسك كوری جكۆی هەكارییە)(م:584ك/1188ز) ئەوا شوێن دەستیان دیارە لە بواری زانستی و ڕۆشنبیری، بەتایبەتی لە بواری زانستی فەرموودە چەند ئافرەتێك لەو خێزانە سەریان هەڵداوەو نێوبانگی زۆریان دەركردووە لە شاری قاهیرە، لەوانە (اسماء كچی احمد كوری احمد كوری حسێن كوری موسك هەكاری)، لە ساڵی (715ك/1296ز) هاتۆتە دونیاوەو حەزو خولیای بۆ زانستی فەرموودە وایكردووە بەردەوام ئامادەگی هەبێت لە كۆڕ وانەی زانایان، بەتایبەتی ئامادەبووە لە زنجیرە وانەكانی زانای پایەبەرز(احمد بن ادريس بن مزير الحموي)، دواجار گەیشتۆتە ئاستێكی بەرزو

لە ســاڵی(770ك/ 1368ز) چەندان زانای وەك (ابو حامد بن ظهيرە) لێیەوە گوێبیســتی فەرموودە بووە. (ابن حجر العســقلاني، 1972، 428/1؛ كحالە، 1959، 44/1)

ناوبراو تاوەکو ســاڵی(770ك/1368ز) لە ژیاندا بووەو دوای ئەوە سەرچاوەکان هیچ زانیاریەکی دیکە ناخەنە ڕوو لەبارەی ئەوەی تاوەکو کەی لە ژیاندا ماوە.

بێجگە لەوەش، (ئەسماء) خوشکێکی دیکەی هەبووە کە نزیکەی چەند ساڵێك لە خۆی گەورەتر بووە بە ناوی (جويريە[12] کچی احمد کوری حسێن کوری موســك هەکاری) ناســراو بە (أم الهنا)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا چەند نازناوێکی دیکەشــی هەبووە وەك (أم البر، أم البهاء)، ســەرەرای هەموو ئەوانەش ئەوەی زیاتر پێی ناســراوە بریتییە لە (أم أبيها)، ئەوەش زیاتر لەوەدا سەرچاوەی گرتووە کە (شهاب الدين احمد کوری احمدی هەکاری)(م: 750ك/1278ز) باوکی لەبەر خۆشەویستی بۆ کچەکەی ئەو نازناوەی لێناوە.(المقريزي، 2002، 581/1)

لە ساڵی (704ك/)1302 لە شاری قاهیرە لە دایکبووەو لەســەر دەستی زاناو فەرموودەناســە هەرە دیارەکانی وەك (شمس الدين ابي الحســن, ابن الطواف، النور الثعلبي، شــريف موســى، ابن الشــعنة، ســت الوزراء، حســن بن عمر الكردي)، کتێبە تایبتمەندەکانی (صــحيح البخاري و مســلم و النســائي و الحميدي) گوێبیســـت بووە، بەمەش بۆتە یەکێك لە باوەڕ پێکراوترین فەرموودە گێرەوەکان و تەنانەت (ابن حجر العســـقلاني) جەخت لەوە دەکاتەوە چەندین جار فەرموودەی لێیەوە گێراوەتەوە و هاوکات (ابو جعفر الكوبكيش) بە مامۆستای خۆی زانیوە.(ابن حجر العسقلاني، 1972، 96/2_97)

ئافرەتێکی دیندارو سەنگین و بلیمەت بووە، هەربۆیە قوتابی و فێرخوازان بەردەوام کێبرکێیان کردووە بۆ ئەوەی لە لای ئەو بخوێنن و بڕوانامەی ڕێگە پێدان بەدەســـت بهێنن.(ابن العماد الحنبلي، 1986، 482/8). وێرای ئەوەش بە یەکێك لەو کەســـانە دادەنرێت کە جێگای بڕواو متمانە بووە لە بواری گێرانەوەی فەرموودە، لەم نێوەندەشـــدا (المقريزي) پەســـن و ســـتایشـــی زۆریکردووە بەوەی بـاوەڕپێکراوترین فەرموودە گێڕەوی ســـەردەمی خۆی بووە، بەتـایبەتی تـاکەکەس و بێ ڕکـابەر بووە لە گێڕانەوەی فەرموودەی النسـائي(المقريزي، 1997، 133/5). دواجار بەردەوام بووە لەســەر ئەو ئاســتە بەرزەی کە لە بواری فەرموودە هەیبووە تاوەکو لە ساڵی(783ك/1379ز) لە شاری قاهیرە کۆچی دواییکرد. (الهسنياني، 2012، ص141)

یەکێکە دیکە لەو ئافرەتە کوردانەی ناوو ناوبانگی زۆری هەبووە لە زانستی فەرموودە لە دیمشق و قاهیرە، ئەویش(عائيشە کچی صــارم کوری ابراهيم کوری خليل کوری محمود سنجاری) ناســراو بە (ابن الشــرائحي)، بنەچەو ڕیشــەی دەگەڕێتەوە بۆ شـاری شنگال. لە دەوروبەری ساڵی(760ك/1358ز) لەدایکبووەو گوێبیستی فەرموودە بووە لە زانا هەرە دیارەکانی وەك(الفخر بن البخاري، ابو المحاســـن بن يوســـف، علي بن محمد اليونيني) لەگەڵ چەندان زانای دیکەش، دواتر بڕوانامەی ڕێگە پێدانی زانستی وەرگرتووە لە لایەن هەریەکە لە (الخلاطي، ابن الجوخي، محمد بن موسى، سرجي.(السخاوي، د.ت، 73/12)

ئافرەتێکی خواناس و باوەڕدار بووەو لە ڕووی ئاســـتی بژێوی ژیانی زۆر هەژار بووەو ژینی بە کولەمەرگی و نەداری بردۆتە ســەر، وەلێ لەگەڵ ئەوەشــدا کۆڵینەداوەو لە ئاسـتێکی بەرزی زانسـتی بووەو چەندان زانای پایەبەرز لێیەوە گوێبیســتی فەرموودە بوون، لەم نێوەندەدا ســـەرمەشـــقی زانـایـانی دیـار (ابن حجر العســـقلاني) جەخت لەوەدەکـاتەوە کەوا لەســـاڵی (832ز/1428ز) لە شاری دیمشق بە دیدارو خزمەتی گەیشتووەو لێیەوە گوێبیستی فەرموودە بووە(ابن حجر العسقلاي، 1994، 211/2). دواجار لە ساڵی(842ز/1438ز) لە شاری دیمشق کۆچی دوای کردووە.(السخاوي، د.ت، 73/12)

بێجگە لەوەش(اسماء کچی عبدالله کوری محمد مارانی) ناسراو بە (أم حسن)، بنەچەو ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی مارانی کوردی، یەکێکی دیکەیە لە زانایانەی لە شاری دیمشق خزمەتی زۆری بە زانستی فەرموودە کردووە.

لەبارەی لەدایکبوون و پێگەیشتی زانیاریەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە، تەنیا ئەوە نەبێت کەوا چۆتە خزمەتی ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی وەك (كمال محمد بن محمد، نصـــر الدين نحاس، شـــهاب الدين بن احمد و محمد ماكســـينيە)و لێیانەوە گوێبیســـتی فەرموودە بووە، هاوکات بڕوانامەی زانسـتی پێدراوە لە لایەن بیسـت و شـەش زانای پایەبەرزی بواری فەرموودەو لە نێویاندا هەر یەکە لە (رســـلان الذهبي، ابو بكر محمد بن محمد المزي)و لەگەڵ چەندانی دیکەش، ســـەرەڕای ئەوانەش زانـای دیـار (السخاوي) ئاماژە بەوە دەکات کەوا لە دیمشق بە دیدارو دیدەنی گەیشتووەو فەرموودەی بۆ خوێندۆتەوە.(السخاوي، د.ت، 7/12)

ئافرەتێکی دیندارو خواناس بووەو لە ســاڵی(867ك/1462ز) لە شــاری دیمشــق کۆچی دوایکردووەو لە نزیك گۆری شــێخ رسلان بەخاك سپێردراوە.(كحالە، 1959، 56/1)

دوابەدوای هەموو ئەوانەی کەوا خرانە ڕوو، (أمـة الله کچی علی کوری احمـد هەکـاری)، یەکێکی دیکەیە لەو ئـافرەتە کوردانەی کە لە وڵاتی شـــام ناوبـانگی زۆری هەبووە لە بواری فەرموودەو بنەچەو ڕیشـــەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی هەکاری کوردی.(الهسنياني، 2012، 126)

لەبارەی ســــەرگوزشــــتەی ژیانی لە ســــەرچاوەی ژیننامەو چینەكان زانیاریەكی ئەوتۆ ناخەنە ڕوو لەبارەی لەدایكبوون و پێگەیشتنی، تەنیا ئەو نەبێت كەوا گوێبیستی(صحيح البخاري) بووە لە زانی دیار(ابو الفرج)، لە هەمان كاتدا (السخاوي) جەخت لەوە دەكات كەوا لە دەوروبەری ســاڵی(860ك/1456ز) لە شــاری بعلبگ بە دیداری گەیشــتووەو بروانامەی زانســتی پێداوەو دواتر پاش ماوەیەكی كورت كۆچی دوایكردووە.(الســخاوي، د.ت، 10/12)، بەمەش مێژووی مردنی دیار نیە تەنیا ئەوە نەبێت تاوەكو ساڵی(860ك/1456ز) لە ژیاندا بووە.

**سێیەم/ هۆنراوە و نووسین**

هۆنراوەو نووســـین یەكێكی دیكەیە لەو بوارانەی بەشــێك لە ژن و ئافرەتانی كورد بە گرنگی و بایەخەوە لێیان ڕووانیوەو هۆنراوەو بەرهەمی تایبەت بەخۆیان هەبووە، لەم نێوەندەشــدا ئاماژە بە ناوی (ســلمی كچی شــمس الدين محمد كوری محمد جەزری)(م:دوای 832ك/1428ز)، لەگەڵ ئەوەی شــارەزایەكی چاكی هەبووە لە زانســتەكانی قورئان و فەرموودە لە دیمشــق، لەپاڵ ئەوشدا دەستی نووسینی هەبووەو بەدەست و خەتێكی ڕوون و جوان دەینووسی و سەرەڕای ئەوەش شارەزایەكی چاكی هەبووە لە ڕێكخســتنی هۆنراوەو وەك هۆزانڤانێكی لێوەشــاوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و فارســی شــیعری هۆنیوەتەوەو نووســیوە(ابن الجزري، 1932، 310/1). بەڵام ئەوەی لێردا جێگای تێرامانە دوای بەدواداچوونی ورد و گەڕان بە دوای شــیعرەكانیدا، بەڵام لە نێو پەرەی ســەرچاوەكاندا هیچ كامێك لەنمونەی هۆنراوەكانی بەردەســت نەبوون، ڕەنگە ئەوەش وەكو بەرهەمی بەشێك لە زاناو ئەدیب و هۆنراوەبێژەكانی دیكە لە سەردەمە جیاوازەكان بە هۆكاری جۆراوجۆر تووشی لەناوچوون و فەوتان بووبێت.

**دەرئەنجام**

دوای تەواوكرنی ئەو توێژینەوەیە، توێژەر گەیشت بەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

یەكەم/ هەرێمی جەزیرە یەكێكە لە چوارچێوەی ئەو هەرێمانەی زۆربەی هەرە زۆری شــارو باژێرو ئاوایەكانی كوردنشــین بووە بە درێژایی زۆربەی قۆناغە مێژووییەكان.

دووەم/ ئەو هەرێمە لە ڕووی جیۆپۆلتیكی شــوێنێكی ســتراتیژی گرنگ و ئاوو هەواو ژینگەیەكی لەباری هەبووە، ئەوەش كاریگەری و ڕەنگدانەوەی چاكی هەبووە لەسەر گەشەسەندنی لایەنی هزری و جەستەیی تاكەكانی.

ســێیەم/ گەشــت و گەڕانی زانســتی یەكێك بووە لە ســیما دیارەكانی تەواوی شــارو باژێرەكانی جیهانی ئیســلامی، كاتێك فێرخوازان بەدوای زانســتی نوێی و مامۆســتای شــارەزا دەگەڕان بۆ ئەوەی لەســەر دەســتیان بروانامەی زانســتی وەربگرن، هەرچەندە ئەو ئەركە بۆ ئافرەت قورس بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا كۆڵیان نەداوەو زۆرجار لەگەڵ خاوخێزانیان گەشـــت و گەڕانیان ئەنجامداوە.

چوارەم/ بەشــی هەرە زۆری ئەو ئافرەتە كوردانەی ناوبانگی زۆرو لە ئاســتێكی بەرزی ڕۆشــنبیریدا بوون، لە خێزانێكی خوێندەوارو زانست دۆست پێگەیشتوون، دەگمەن بەدیار دەكەوێت ئافرەتێكی خوێندەوار لە خەڵكە ڕەشۆكیەكە بێت.

پێنجەم/ بۆمان بەدیار دەكەوێت زۆرینەی ئەو ئافرەتە كوردانە شـــارەكانی هەرێمی جەزیرەیان هەر نەدیووە، بەڵكو لەگەڵ باوك وباپیرانیان كۆچیانكردووە بۆ وڵاتی شــام و مصــر لە ئەنجامی هێرش و پەلامارو كوشــتاری هێزە داگیركەرەكان ئەوانەی ڕوویان لە ناوچەكانیان كردووە.

شــەشــەم/ لەگەڵ ئەوەی ئەو ئافرەتانە لەگەڵ ماڵباتەكانیان دووركەوتونەتەوە لە زێدی باوك و باپیرانیان، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا لە تاراوگەو دوورە وڵاتی نكوڵیان نەكردووە لە بنەچەو ڕیشــەی خۆیان و نازناوەكانیان هەمیشــە وابەســتەی شـــارو خێل و هۆزەكانیان بوون.

حەوتەم/ بەشــێك لە ئافرەتانی كورد تەنها زانســت و زانیاریان وەرنەگرتووە وەكو فێرخوازێك، بەڵكو بەشــداریەكی كارایان كردوە لە گەیاندن و بەخشــینی زانســت لە ڕێگەی كۆڕو وانەكانیان، بەجۆرێك هەندێكیان ماڵەكانیان بەردەوام جمەی هاتووە لە قوتابی و فێرخوازان.

هەشــتەم/ زانستە ئیسـلامیەكان لە نێویشـیدا زانسـتی فەرموودە دیارترین ئەو بوارەیە كەوا ئافرەتانی كورد زۆرترین ڕۆڵیان تێدا بینیوە، لەم نێوەندەشـــدا هەریەكە لە (الذهبي، الســـخاوي، ابن حجر العســـقلاني) لەگەڵ چەندان زانای دیكەی پایە بەرز بروانامەی زانستیان لە لایەن ئافرەتانی كورد وەرگرتووە.

**لیستی سەرچاوەكان**


_ قورئانی پیرۆز

یەكەم/ سەرچاوە ڕەسەنەكان بە زمانی عەرەبی

_ ابن الاثير: ابو الحسن عزالدين علي الشيباني(630هـ/1232م)
1_1997، الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي، ط1، بيروت.
_ البرزالي: علم الدين ابي محمد القاسم بن محمد بن يوسف(ت:739هـ/1337م)
2_2006، المقتفي على كتاب الروضتين المعروف بتأريخ البرزالي، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، المكتبة العصرية، بيروت.
_ ابن بسام: محمد بن احمد (ت: عاش قبل سنة 844هـ/ 1440م)
3_ 1968، نهاية الرتبة في طلب الحسبة، تحقيق: حسام الدين السامرائي، مطبعة المعارف.
_ ابن بطوطة: ابو عبدالله محمد بن ابراهيم(ت: 779هـ/1377م)
4_2006، رحلة ابن بطوطة المسماة تحفة النظار في غرائب الامصار و عجائب الاسفار، مؤسسة الرسالة، بيروت.
_ البلاذري: احمد بن يحيى بن جابر(ت: 279هـ/892م)
5_2000، فتوح البلدان، وضع حواشيه: عبدالقادر محمد علي، دار الكتب العلمية، بيروت.
_ الترمذي: محمد بن عيسى(ت: 279هـ/892م)
6_2000، سنن الترمذي، جمعية المكة الاسلامي، مكة المكرمة.
_ ابن تغري بردي: جمال الدين ابو المحاسن يوسف(ت: 874هـ/1469م)
7_1963، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، وزاؤة الثقافة و الارشاد القومي، مصر.
_ ابن جبير: محمد بن احمد الكناني(ت:614هـ/1217م)
8_2012، رحلة ابن جبير، دار صادر ط3، بيروت.
_ابن الجزري: شمس الدين ابى عبدالله محمد بن ابراهيم بن ابي بكر(ت: 738هـ/1337م)
9_ 1998، تأريخ حوادث زمان وأنبائه و وفيات الاكابر و الاعيان من ابنائه، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، المكتبة العصرية، بيروت.
_ ابن الجزري: شمس الدين محمد بن محمد (ت:833هـ/1429م)
10_ 1932، غاية النهاية في طبقات القراء، مكتبة ابن تيمية، د.م.
_ ابن جماعة: بدرالدين بن ابي اسحاق ابراهيم بن سعدالله(ت: 733هـ/1332م)
11_1934، تذكرة السامع و المتكلم في ادب العالم و المتعلم، حيدر اباد.
_ ابن حجر العسقلاني: شهاب الدين احمد بن علي بن محمد(ت: 852هـ/1448م)
12_1972، الدرر الكامنة في اعيان المائة الثامنة، تحقيق: محمد عبالمعيد ضان، مجلس دائرة المعرف العثمانية، حيدر اباد.
13_1994، المجمع المؤسس للمعجم المفهرس، تحقيق: يوسف عبدالرحمن المرعشلي، دار المعرفة، بيروت.
_ ابن الخطيب: محمد امين بن خير الله الخطيب العمري(ت: 1203هـ/ 1788م)
14_1968، منهل الاولياء ومشرب الاصفياء من سادات الموصل الحدباء، حققه ونشره: سعيد ديوجي، الموصل.
_ ابن خلدون: عبدالحمن بن محمد(ت: 808هـ/1406م)
15_ 1988، تاريخ ابن خلدون المسمى ديوان المبتدأ و الخبر في تاريخ العرب و البرر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الاكبر، تحقيق: خليل شحادة، دار الفكر، بيروت.
_ ابن خلكان: ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابي بكر(ت: 681هـ/1282م)
16_ 1970، وفيات الاعيان وانباء أبناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، دار صادر، بيروت.
_ الذهبي: شمس الدين محمد بن عثمان(ت: 748هـ/1347م)
17_1993، تأريخ الاسلام و وفيات والمشاهير والاعلام، تحقيق: عمر عبد السلام التدمري، دار الكتاب العربي.
18_ 1988، معجم الشيوخ، تحقيق: محمد الحبيب الهيلة، مكتبة الصديق، طائف.
_ ابن رافع: تقي الدين محمد بن هجرس(ت: 774هـ/1373م)
19_ 1981، الوفيات، تحقيق: صالح مهدى عباس و بشار عواد معروف، مؤسسة الرسالة، بيروت.
_ السخاوي: شمس الدين محمد بن عبدالرحمن(ت: 902هـ/1497م)
20_ د.ت، الضوء الامع لأهل القرن التاسع، دار مكتبة الحياة، بيروت.
21_ 2003، فتح المغيث بشرح الفية الحديث للعراقي، تحقيق: علي حسين علي، مكتبة السنة، مصر.
_ السيوطي: جلال الدين عبد الحمن بن ابي بكر(ت: 911هـ/1505م)

22_1974، الاتقان في علوم القرآن، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
_ ابن شداد: عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم(ت: 684هـ/ 1285م)
23_1978، الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشـــام و الجزيرة، ج3، تاريخ الجزيرة الفراتية، تحقيق: يحيى زكريا عبارة، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق.
_ الصفدي: صلاح الدين خليل بن ايبك(ت: 764هـ/1363م)
24_2000، الوافي بالوفيات، تحقيق: احمد الارناؤوط و تركي مصطفى، دار احياء الثراث العربي، بيروت.
_ طاش كبرى زادة: احمد بن مصطفى(ت: 968هـ/1566م)
25_ 1985، مفتاح السعادة و مصباح السيادة في موضوعات العلوم، دار الكتب العلمية، ط1، بيروت.
_ ابن العبري: غريغوريوس بن هارون الملطي(ت: 685هـ/1286م)
26_1992، تاريخ مختصر الدول، تحقيق: انطوان صالحاني اليسوعي، دار الشرق، بيروت.
_ ابن العماد الحنبلي: ابو الفلاح عبد الحي بن احمد(ت: 1089هـ/1678م)
27_1986، شذرات الذهب في اخبار من ذهب، تحقيق: محمد الارناؤوط، دار ابن كثير، بيروت.
_ ابو الفداء الايوبي: الملك المؤيد عماد الدين اسماعيل بن محمد(ت: 732هـ/1231م)
28_1840، تقويم البلدان، اعتنى به:رينو والبارون ماك كوكين ديسلان، المطبعة السلطانية، باريس.
_ القرشي: عبد القادر بن محمد بن نصر الله(ت: 775هـ/ 1364م)
29_ د.ت، الجواهر المضية في طبقات الحنفية، منشورات مير محمد كتب خانه، كراتشي.
_ الكتبي: محمد بن شاكر بن احمد(ت: 764هـ/1363م)
30_1980، عيون التواريخ، تحقيق: فيصل سامر و نبيلة عبدالمنعم، مطبعة اسعد، بغداد.
31_ 1974، فوات الوفيات، تحقيق: احسان عباس، دار صادر، بيروت.
_ ابن كثير: ابو الفداء اسماعيل بن عمر(ت: 774هـ/ 1372م)
32_1997، البداية والنهاية، تحقيق: عبدالله بن عبد المحسن التركي، دار هجر للطباعة والنشر، د.م.
_ ابن ماجة: ابو عبدالله محمد بن يزيد القزويني(ت: 273هـ/887م)
33_ 2009، سنن ابن ماجة، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار احياء الكتب العربية، القاهرة.
_ ابن مفلح: ابراهيم بن محمد بن عبدالله بن محمد(ت: 884هـ/1479م)
34_1990، المقصد في ذكر اصحاب الامام احمد، تحقيق: عبدالحمن بن سليمان، مكتبة الرشد، الرياض.
_ المقدسي: ابو عبدالله محمد بن احمد البشاري(ت: 387هـ/ 997م)
35_ 2003، احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، علق علية ووضع حواشيه: محمد امين الضناوي، دار الكتب العلمية، بيروت.
_ المقريزي: تقي الدين ابي العباس احمد بن علي(ت: 845هـ/ 1441م)
36_ 2002، درر العقود الفريدة في تراجم الاعيان المفيدة، حققه وعلق عليه: محمود الجليلي، دار الغرب الاسلامي، بيروت.
37_ 1997، السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.
_ ابن ناصر الدمشقي: شمس الدين محمد بن عبدالله بن محمد(ت: 842هـ/ 1438م)
38_ 1993، توضيع المشتبه في ضبط اسماء الرواة وانسابهم و القابهم و كنانهم، تحقيق: محمد نعيم العرقسوسي، مؤسسة الرسالة، بيروت.
_ الواقدي: محمد بن عمر (ت: 207هـ/823م)
39_1997، فتوح الشام، مطبعة دار الكتب العلمية، بيروت.
_ اليافعي: ابو عبدالله محمد بن أسعد بن علي(ت: 768هـ/1366م)
40_1997، مرآة الجنان و عبرة اليقظان في معرفة ما يعتبر من حوادث الزمان، وضح حواشيه: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، بيروت..
_ ياقوت الحموي: شهاب الدين عبدالله الرومي(ت: 626هـ/1228م)
41_1995، معجم البلدان، دار صادر، بيروت.
دووەم/ سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی کوردی
ئەولیا چەلەبی: مستەفا کوری عبداللە(م: 1068ك/ 1657ز)
1_1987، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێرانی: سەعید ناکام، مطبعة اشبليه الحديثة، چ2، بەغدا.

سێیەم/ ژێدەرەكان بە زمانی عەرەبی
_ التكريتي، محمود ياسن احمد:
1_1981، الايوبيون في شمال الشام والجزيرة 564_648هـ/ 1168_1250، دار الرشيد، بغداد.
_توفيق، زرار صديق:
2_2007، القبائل و الزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، مطبعة مؤسسة اراس، اربيل.
_الحافظ، محمد مطيع:
3_ 1995، شيخ القراء الامام ابن الجزري، دار الفكر، دمشق.
_حسن، قادر محمد:
4_2009، اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية دراسة عن دور الكرد الحضاري في مصر وبلاد الشام خلال عهد المماليك البحرية( 64_784هـ/1250_1382م)، دار سبيرز للطباعة والنشر، دهوك.
_حمادي، محمد جاسم:
5_1977، الجزيرة الفراتية والموصل، دراسة في التاريخ السياسي و الاداري(127_218هـ/744_833م)، دار الرسالة للطباعة، بغداد.
_الدوري، عبدالعزيز الدوري:
6_1948، تاريخ العراق الاقتصادي في القرن الرابع الهجري، بغداد.
_زكى بك، محمد امين:
7_2006، مشاهير الكرد و كردستان، ترجمة: سيدة كريمة، زاد عليه: محمد علي عوني، دار الزمان، دمشق.
_الصويركي، محمد علي:
8_2006، معجم اعلام الكرد في التأريخ الاسلامي و العصر الحديث في كردستان و خارجها، مطبعة مؤسسة حمدي للطبع والنشر، السليمانية.
_عاشور، سعيد عبدالفتاح:
9_1986، دراسات في تاريخ الحضارة الاسلامية العربية، منشورات دار ذات السلاسل، الكويت.
_عبد الرزاق، احمد عبد الرزاق:
10_1999، المرأة في العصر المملوكية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
_عزت، فائزة محمد:
11_ د.ت، الكرد في اقليم الجزيرة و شهرزور، مطبعة خاني، دهوك.
_غنيمة، محمد عبدالرحيم:
12_ 1953، تاريخ الجامعات الاسلامية الكبرى، تطوان.
_فياض، عبدالله فياض:
13_ 1967، الاجازات العلمية عند المسلمين، مطبعة الارشاد، بغداد.
_قادر، كامل اسود:
14_2014، دور الكورد الحضاري في مصر وبلاد الشام خلال عهد دولة المماليك الجراكسة( 784_923هـ/1382_1517م)، مطبوعات الاكاديمية الكوردية، اربيل.
_قداوي، علاء محمود:
15_ 2015، الموصل والجزيرة الفراتية في عهد المغول الايلخانية 565_735هـ/1258_1335م، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان.
_كحاله، عمر رضا:
16_1959، اعلام النساء في عالمي العرب و الاسلام، مؤسسة الرسالة، بيروت.
_ كرستنسن، ارثر كرستنسن:
17_1957، ايران في عهد الساسانيين، ترجمة: يحيى الخشاب و عبدالوهاب عزام، مطبعة اللجنة الترجمة والنشر، القاهرة.
_لين بول، استانلي لين بول:
18_ 2006، تاريخ الخلفاء و السلاطين و الملوك والامراء و الاشراف في الاسلام في القرن الاول حتى القرن الرابع الهجري، ترجمة للفارسية: عباس اقبال، ترجمة عن الفارسية: مكي طاهر، الدار العربيى للموسعات، بيروت.

_محمد، اكو برهان:
29_2012، الحياة الثقافية في دياربكر في العصر العباسي، من مطبوعات الاكاديمية الكوردية، اربيل.
_المدرس، عبدالكريم محمد:
20_1983، علماؤنا في خدمة العلم و الدين، عني بنشره: محمد علي القرداغي، المكتبة الوطنية، بغداد.
_معتوق، صالح يوسف:
21_ 1997، جهود المرأة في رواية الحديث في القرن الثامن الهجري، دار البشائر الاسلامية، بيروت.
_ مينورسكي، فلادمير مينورسكي:
22_1968، الاكراد ملاحظات و الانطباعات، ترجمة: معروف خزندار، مطبعة النجوم، بغداد.
_الهسنياني، صالح شيخو:
23_ 2012، علماء الكورد و كوردستان ق1_14هـ/ 7_20م، مطبعة هوار، دهوك.
چوارەم/ ژێدەرەكان بە زمانی كوردی
_ تۆفیق، زرار صدیق:
1_2020، كوردو كوردستان لە رۆژگاری خیلافەتی ئیسلامی(16_565ك/637_1258ز)،خانەی موكریانی بۆ چاپ و بلاوكردنەوە، تاران.
_ رسول، ئیبراهیم رسول:
2_2013، كاریگەرییەكانی لەشكركێشی هێزە بیانیەكان بۆ سەر كوردستان(4_8ك/10_14ز)، چاپ و بلاوكردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

**پەراوێزەكان**

(1) نصير الدين الطوسي: ابو جعفر محمد كوری محمد كوری حسن، لە ساڵی 597ك/1201ز لە شاری طوس لەدایكبووە، یەكێكە لە زانا هەرە دیارەكانی بواری فەلسەفەو لۆژیك و ئەندارزو فەلەكناسی، لە سەر ڕێبازی شیعە بووەو لای ئیسماعیلیەكان پایەی بەرز بووە، دوای هاتنی مەغۆلەكان چۆتە خزمەتی هۆلاكو پایەی وەزیری هەبووە لە لای ئەو تەنانەت گەیشتۆتە ئاستێك لە هەموو هەنگاوو كاروبارەكانی پرس و راوێژی پێدەكرد، لە ساڵی 672ك/1274ز لە شاری بغداد كۆچی دوای كردووە.(الصفدي، 1973، 246/3_250)
(2) ماردین: شارو قەلایەكی بەناوبانگە لەسەر لوتكەی چیایەو دەروانێتە سەر شارو باژێرەكانی دنیسرو داراو نصيبين لە هەرێمی جەزیرە. (یاقوت الحموي، 1995، 39/5)
(3) شەری عين جالوت: ئەو شەرە لە ناوی ناوچەكە هاتووە كە شوێنێكی سەرنج ڕاكێشە لە نێوان بیسان و نابلس لە دەوروبەری فلستین كە تیایدا شەرێكی چارەنوسساز ڕوویدا لە نێوان مەغۆلەكان و مەمالیكەكان، لە ئەنجامدا مەمالیكەكان سەركەوتن.(المقريزي، 1997، 518،515)
(4) میافارقین: یەكێكە لە شارە هەرە دیارەكانی دەڤەری بكر(دیاربكر)و دەكەوێتە بەشی باكوری رۆژهەڵاتی دەڤەرەكەو نێوانی لەگەڵ شاری ماردین هەشت ڕۆژە رێیە.( یاقوت الحموي، 1995، 235/5)
(5) ست الدار: ناوی ست الدار وەكو نازناو وابووە، بەتایبەتی لە مصرو ناوچەكانی ژێر فەرمانرەوایەتی مەمالیكەكان ئەو ئافرەتانەی ڕێزو پایەیان بەرزبایە ئەوا لە لایەن تەواوی خەڵك بەكۆمەلێك نازناوی وەك ست الناس، ست الفقهاء، ست العلماء كە گوزارشت بووە لە ڕێزو شانازی بانگ دەكران. (بروانە: عبدالرزاق، 1999، ص22)
(6) حەڕان: شارێكی گەورەو بەناوبانگە لە دیار مضر لە هەرێمی جەزیرەو نێوانی لەگەڵ شاری روها(ئورفە) یەك ڕۆژە.( یاقوت الحموي، 1995، 235/2). لە ئێستادا دەكەوێتە خاكی توركیاو نزیكە لە سەروچاوەی روباری بلیخ كە یەكێكە لە لقەكانی سەرچاوەی روباری فورات.
(7) مارانیەكان: خێل و تیرەیەكی گەورەو ناسراوی سەر بە هۆزی هەزبانین، شوێنی نیشتەجێبونیان دەكەوێتە ناوچە دەشتایەكانی خوارووی موصل.(بروانە: توفیق، 2007، ص137)
(8) اسعرد(سیرت): شارێكی گورەیەو دەكەوێتە بكوری روباری دیجلەو نێوانی لەگەڵ شاری میافارقین ڕۆژو نیوێكە لە هەرێمی جەزیرە. (یاقوت الحموي، 1995، 208/1). لە كاتی ئێستادا دەكەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی توركیا بەناوی شاری( SERT).
(9) نصیبین: شارێكی گەورەو ئاوەدانەو دەكەوێتە سەر رێگای كاروانە بازرگانیەكانی نێوان موصل و شام لە هەرێمی جەزیرە، لە مێژوودا بەناوبانگ بووە بە زۆری دوپشكەكانی.( یاقوت الحموي، 1995، 288/5)
(10) دنیسر: شارۆچەیەكی گەورەو دیاری كوردنشینەو دەكەوێتە خوارووی شاری ماردین و نێوانیان دوو فەرسەخە/12كم. (یاقوت الحموي، 1995، 478/2)، بەزمانی كوردی بە مانای سەری جیهان دێت. لە كاتی ئێستادا وەك قەزای ناوەندی سەر بە شاری مادرینە.
(11) هەكاریەكان: یەكێكە لە هۆزە گەورە كوردیەكان و ڕۆلەكانی لە مێژووی ئیسلامدا ڕۆڵی كارایان گێراوە لە ژیانی سیاسیی و شارستانی، لەبەر ناوبانگی هۆزەكەش ناوچەكە بەناوی ئەوانەوە ناونراوە بەوەی كەوا قەڵاو قایمكاری و گوندو ئاوایی زۆریان هەبووە لە ناوچە چیایەكانی باكوری رۆژهەڵاتی موصل.(بروانە: ابن خلكان، 1970، 345/3؛ توفیق، 2007، ص183_184)
(12) زۆربەی سەرچاوەكان كۆكن لەسەر ئەوەی ناوی كە جویریە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوازی(جویرە) ناوی هاتووە. (بڕوانە: ابن تغري بردي، 1963، 221/11)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034